بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی کتێب: شەهادەتی حەق
- نووسینی: ئەبو ئەعلای مەودودی
- وەرگێڕانی بۆ فارسی: شهید م. ناصری سوبحانی
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: جوتیار قارەمان
- پیت لێدان و نەخشەسازی ناوەوە: جوتیار قارەمان
- نەخشەسازی بەرگ: جوتیار قارەمان
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەی چاپ: یەکەم ساڵی ٢٠١٤،
- ساڵی چاپ: ٢٠١٤ زاینی
- ژمارەی لاپەڕە: ٥٨ لاپەڕە
- چاپ: چاپخانەی
- ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٣٦)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە


مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ

# شەهادەتی حەق

نووسینی: أبوالأعلی المودودي
بەفارسی کردنی: م. ناصری سوبحانی
بەکوردی کردنی: جوتیار قارەمان

# پێشکەشە

- بە دایك و باوکی ئازیز و براکانم کە گەورەترین هاندەر و کاریگەرترین پشتیوانم بوون لەژیاندا.
- بە هەموو ئەو مامۆستایانەی کە یارمەتییانداوم لەبواری فێربووندا.
- بە گیانی پاکی هەردوو مامۆستای بەڕێز (کاك ناصری سوبحانی) و (کاك ئەحمەدی موفتی زادە).
- بە هەموو ئەو موسڵمانانەی کە تێدەکۆشن بۆ بەرزڕاگرتنی ناوی خوا و هەوڵی یەکڕیزی نێوان موسڵمانان دەدەن.

# پێشەکی وەرگێڕی کوردی

سوپاس و ستایشی نەبڕاوە بۆ خودای بەرزوبڵند، وە سڵاو و درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری ئازیز و سەربڵند ﷺ.

کاری بەکۆمەڵی ئیسلامی یەکێکە لەوکارە بەرز و پیرۆزانەی کە لەڕێیەوە دەتوانرێت ئامانجە بەرزەکانی ئیسلامی پێ بهێنرێتە دی و لەڕێیەوە موسڵمانان بتوانن سەرلەنوێ دەسەڵاتی ئیسلامەتی بگەڕێننەوە بۆ ئەوناوچانەی کە تیایدا دەژین، بەتایبەتی لەو شوێنانەدا کە دەسەڵاتی ئیسلامی تیایاندا نەماوە و ئیسلامی تێدا لاوازکراوە و بەرتەسککراوەتەوە لەچەند بوارێکی ژیانی تاکە کەسیدا.

وە گرنگی ئەم کارە ئەوە دەخوازێت کە هەمووان لێی بەئاگابن و بە گەنج و بەتەمەنەوە شارەزاییان هەبێت دەربارەی و بەگرنگییەوە لێی بڕوانن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەیبینین پێچەوانەکەیەتی و هەمووان لەم بارەیەوە شارەزاییان نییە یاخود کەمە و خەمساردن بەرامبەر ئەم ئەرکە و هەوڵی گرنگی بۆ نادرێت بە تایبەتی لەناو چینی گەنجانی موسڵماندا، کە ئەمەش بۆخۆی ترسناکییەکی ترە کە ڕووی لەم ئایینە کردووە، چونکە ئەگەر گەنجانی موسڵمان بەشداری کاری بەکۆمەڵ نەکەن، ئەوا جەستەی ئیسلام لاواز دەبێت و هەستانەوەی دژوار دەبێت.

وە لەکتێبخانەی کوردیشدا کتێب لەم بارەیەوە زۆر کەمن، هەر لەبەرئەوە بوو کە بەپێویستم زانی ئەم کتێبە ناوازەیە وەربگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی کە پێم وایە هاوتای نییە یاخود هاوشێوەی دەگمەنە، وە ئێوەی

## شەهادەتی حەق

بەڕێزیش بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەمڕاستییەتان بۆڕوون دەبێتەوە، بەتایبەتی کاتێك ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی نووسەرەکەی دەبینن لەبابەتەکاندا.

سوپاسی خودا دەکەم کە یارمەتی دام ئەم گەنجینەیە وەربگێڕمە سەر زمانی ڕەوانی کوردی و هیوادارم کە خزمەتم بە ئایینی ئیسلام و گەلی کوردی موسڵمان کردبێت و خوای گەورە بە چاکە بۆمی بنووسێت، وە زۆرسوپاسی هاوڕێی ئازیزم (م. نظمي قادر تەوێڵەیی) دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ و هەڵە و کەم و کوڕییەکانی بۆ دیاری کردم.

لەکۆتاییشدا داواکارم لە خوێنەرانی خۆشەویست کە لە پاڕانەوە و نزای باش بێبەشمان نەکەن.

(واللهُ وَلِيُّ الهِدايَةِ وَ التَّوفيق)

٢٠١٤/٠١/٠٢ زاینی

**پێنجشەممە — هەڵەبجەی شەهید**

## بسم الله الرحمن الرحيم

مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ﴿٢٣﴾

(الأحزاب: ٢٣)

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی بەردەستت، وەرگێڕانی یەکێك لەوتارە بەپێزەکانی ئیمام (أبوالأعلي المودودي)ە، سەرۆك و دامەزرێنەری ڕێکخراوی کۆمەڵی ئیسلامی پاکستان، کە لەژێر ناونیشانی (شەهادەتی حەق)دایە، وە بەمەبەستی ئەوەی کە کۆمەڵانی موسڵمانی فارسی زمان سوودی لێوەربگرن، چەندین ساڵ بەر لەئێستا بەپێنووسی بەبرشتی مامۆستای هەڵکەوتە و لێکۆڵەر و قورئانناس و یەکێك لەهەڵگرانی ئاڵای هەستانەوەی بێداری ئیسلامی لەئێران (م. ناصری سوبحانی) لەعەرەبییەوە کراوە بە فارسی. ویستی خودایی بەوجۆرەبوو کە لەسەردەمی ژیانی ئەو مامۆستا بەڕێزەدا توانای چاپ و بڵاوکردنەوەی نەڕەخسا، تا ئەوەی کە منی لاواز و بێدەسەڵات بەبۆنەی هەژدەهەمین ساڵیادی کۆچی دوایی پڕ لەشانازی ئەوبەڕێزەوە، ئەم کەلەپوورەم لەناو بەرهەمە بەجێماوەکانی ئەو مامۆستا ماندوونەبووەدا گوڵبژێر کرد و بۆ ئەوەی بە چاپ بگات توانیم بینووسمەوە. سوپاسگوزاری خودای گەورەم کە ئەم سەرکەوتنەی پێ بەخشیم کە یارمەتیدام ئامادەی چاپی بکەم.

چاوەڕواندەکرێت لەئێوەی خوێنەری بەڕێز کە بابەتەکانی ئەم کتێبە گرانبەهایە کە ناوی (شەهادەتی حەق)ە، بە وردی و سەرنجەوە بخوێننەوە، وە درێغی مەکەن لەپاڕانەوەی چاکە بۆ نووسەر و وەرگێڕەکەی، ئەو دوو بیرمەندە هاوسەدەیە.

ربّ اغفرلي ولأخي و أدخلنا في رحمتك و أنت أرحم الراحمين

منصور سبحانی– ١٣٨٦/١٢/٢٨

# هۆكاری باڵا و هەبوونی نەتەوەی ئیسلامی[1]

تەواوی پیاهەڵدان و ستایشەكان بۆ ئەو خودایەی كە بەدیهێنەری تەنها و خاوەن و فەرمانڕەوای جیهانە و، بە تەواوی دانایی و توانایی و بەزەییەوە فەرمانڕەوایەتی دەكات. ئەو خودایەی كە مرۆڤی بەدیهێنا و هێزی زانیاری و بیركردنەوەی پێبەخشی و ئەوی بەجێنشینێتی سەرفرازكرد لەسەر زەویدا و بۆ ڕێنمونیكردنی چەندین كتێبی دابەزاندە خوارەوە و چەندین پێغەمبەری نارد. درووود و میهرەبانی بێپایانی خودا بڕژێت بەسەر بەندە چاك و هەڵبژێردراوەكانیدا كە هاتن مرۆڤبوون فێری مرۆڤایەتی بكەن: ئەوكەسانەی كە مرۆڤایەتییان ئاڕاستەكرد بۆ ئەو ئامانجەی كە خودا مرۆڤی بۆ بەدیهێنابوو و شێوازی دروستی ژیانیان لەدنیادا فێری مرۆڤ كرد. تەواوی ڕووناكی هیدایەت و تەواوی پاكیزەیی ڕەوشتی و تەواوی چاكی و ئەو خۆپاراستنەی كە ئەمڕۆكە لەدنیادا بوونی هەیە، قەرزاری هەوڵ و كۆششی شەوانەڕۆژی و ڕێنمونییەكانی ئەم بەندە هەڵبژێردراوانەی خودایە و مرۆڤایەتی هەمیشە قەرزاری ئەوانە.

[1] یەكێكە لەو وتارانەی كە لەلایەن ((امام ابوالأعلى مودودي))ەوە بەمەبەستی شیكردنەوەی هزر و شێوازی كاری بەكۆمەڵی ئیسلامییەوە ئامادەكراوە و دراوە. ئەم وتارە لەكۆبوونەوەیەكدا لەشاری (سیالكۆت) كە یەكێكە لەشارەكانی (پنجابی ڕۆژئاوا) خوێنراوەتەوە.

دۆستان و خۆشەویستان! ئێمە هەمیشە کۆنگرەکانی خۆمان بەسەر دوو بەشدا دابەشکردووە. بەشێکیان بۆئەوەی کە پێکەوە دابنیشین و لەچالاکییەکانی خۆمان بکۆڵینەوە بۆ بەرەوپێش بردنی کار و ئامانجەکانمان، پێکەوە بیروبۆچوون و پێشنیارەکان بگۆڕینەوە. بەشی دووەمیشمان تایبەتکردووە بەوکارەوە کە بانگەوازەکەمان بخەینەڕوو و بیگەیەنین بە تەواوی ئەو خەڵکانەی کە پێکەوە لەیەك ناوچەدا لەدەوری یەك کۆبووینەتەوە. ئەم کۆنگرەیەی ئەمڕۆش بۆ ئەم ئامانجەی دووەمیانە. ئێمە بۆ ئەو مەبەستە ئێوەمان بانگکردووە و عەزێتمانداون کە ئامادەبن کە پێتان بڵێین بانگەوازەکەی ئێمە چییە و ئێمە بۆ چ شتێك ئێوە بانگدەکەین.

بانگەوازەکەی ئێمە لەلایەکەوە ڕووی لەو کەسانەیە کە پێشتر خۆیان موسڵمانن و لەلایەکی تریشەوە ڕووی لەو بەندانەی خودایە کە موسڵمان نین. ئێمە بۆ هەریەکێك لەم کۆمەڵانە پەیامێکی تایبەتیمان هەیە. بەڵام زۆر بەداخەوە هیچ کەسێك لەکۆمەڵی دووەم لەم کۆبوونەوەیەماندا ئامادەیی و بوونی نییە. لەئەنجامی هەڵەکانی ڕابردووی ئێمەوە و نەزانکارییەکانمانەوە، بەشێکی زۆرگەورە لەبەندەکانی خودا لەئێمە دوورکەوتوونەتەوە و زۆر بەدەگمەن ئەم هەلە هەڵدەکەوێت کە ئەوانە بۆلای خۆمان بانگبکەین یان بچین بۆلایان و پەیامێك کە خودای ئێمە و ئەوان بۆ ڕێنمونی هەموومان لەڕێگەی پێغەمبەرەکانیەوە ناردوویەتی بیگەیەنین بەوانە. بەهەرحاڵ، ئەوانە ئامادەییان نییە، لەبەرئەوە من تەنها ئەوبەشەی پەیام و بانگەوازەکەمان باس دەکەم کە تایبەتە بە موسڵمانانەوە.

ئەو شتەی کە موسڵمانانی بۆ بانگدەکەین ئەوەیە کە ئەو بەرپرسیارێتی و ئەرکەی کە وەك موسڵمانێك لەئەستۆیاندایە، لێی تێبگەن و ئەنجامی بدەن.

ئێوە ڕزگارتان نابێت تەنها بە وتنی ئەوەی کە ئێمە خودامان وەك خودا و پەرستراوی خۆمان و ئایینەکەیمان وەك ئایینی خۆمان پەسەندکردووە. ئەوەی کە کاتێك خوداتان وەك خودای خۆتان و ئایینەکەیتان وەك ئایینی خۆتان پەسەندکردووە، هەر بە وتنی ئەمە چەندین بەرپرسیارێتی ڕووتان تێدەکات کە پێویستە لێیان تێبگەن و هەم خۆتان بۆ ئەنجامدایان ئامادەبکەن. ئەگەر ئەم کارە نەکەن، ئەوا سزای ئەنجامنەدانی ئەم ئەرکە نە لەدنیا و نە لەدواڕۆژدا وازتان لێناهێنێت. ئەم ئەرك و بەرپرسیارێتییانە چین؟

ئەرك و بەرپرسیارێتی ئێوە وەك موسڵمانێك تەنها لەم سنوورەدا نییە کە بڕوا بە خودا و فریشتەکانی خودا و کتێبەئاسمانییەکانی خودا و پێغەمبەرانی خودا و ڕۆژی دوایی بهێنن و تەنها لەم سنوورانەشدا نییە کە نوێژ بکەن و ڕۆژوو بگرن و حەج بکەن و زەکات بدەن و هەروەها لەم سنوورەشدا نییە کە پەیڕەوی بکەن لە ڕێسا و ڕێکخستنێك کە ئیسلام بڕیاری لەسەرداوە لەکاروباری هاوسەرگیری و تەڵاق و میرات و شتانی تری لەم شێوەیەدا. بەڵکو سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی سەنگین و زۆرگەورە لەئەستۆی ئێوەدایە و ئەویش ئەوەیە کە لەبەرامبەری هەموو جیهانیاندا، گەواهی و شایەتی بدەن بەو حەق و ڕاستەقینەیەی کە بڕواتان پێهێناوە. قورئان تاکە ئامانجی ئێوەی وەك گەلی ئیسلامی بەوە داناوە کە بەتەواوی بیانووی بەندەکانی خودا ببڕن سەبارەت بە شەهادەتی حەق(حوجەتی شەهادەتی حەق بکەن لەسەر بەندەکانی خودا).

وەك دەفەرمووێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ﴾ (البقره: ١٤٣).

واتە: ((وە بەم شێوەیە ئێوەمان(موسڵمانانمان) کردووە بە گەلێکی ناوەند تا گەواهیدەربن بەسەر خەڵکییەوە و پێغەمبەریش گەواهیدەربێت لەسەر ئێوە)).

ئەمە هەمان ئامانجی سەرهەڵدان و پەیدابوونی گەلی ئێوەیە کە ئەگەر ئەوئامانجە نەهێننەدی، ئەوا وەك ئەوە وایە کە بێهودە ژیانی خۆتان بەسەربردبێت. ئەمە ئەرکێکە کە خودا خستوویەتیە ئەستۆی ئێوەوە. وەك خودای باڵادەست دەفەرمووێت:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ﴾ (المائدة: ٨).

واتە: ((ئەی ئەوکەسانەی کە بڕواتان هێناوە! هەستێنەرەوەبن بۆ خودا و گەواهانی دادگەربن)).

زیادلەوەش ئەمە تەنها یەك فەرمانی ئاسایی نییە، بەڵکو فەرمانێکی زۆر پێداگرانەیە، چونکە خودای بەرز و بڵند دەفەرمووێت:

﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَـٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِ ۗ﴾ (البقره: ١٤٠).

واتە: ((وە کێ ستەمکارترە لەو کەسەی کە گەواهییەکی لایە بۆ خودا و دەیشارێتەوە)).

پاشان خودای باڵادەست ئەم شتەشی بۆ ئێوە ڕوونکردووەتەوە کە ئەنجامنەدانی ئەم ئەرکە چ ئەنجامێکی دەبێت. بەرلەئێوە (یەهودییەکان)

لەسەر ئەم ئەركی گەواهیدانە دامەزرێنرابوون، بەڵام ئەوان بڕێك لەڕاستەقینە(حەق)یان شاردەوە و ئەندازەیەكیش لەدژی ڕاستەقینە(حەق) گەواهییاندا و پوختەكەی ئەوەیە نەك لەبەرژەوەندی ڕاستی، بەڵكو لەدژی ڕاستی و بەرژەوەندی باتڵ گەواهییاندا. ئەنجامەكەی ئەوەبوو كە خودا ئەوانی لەخۆی دوورخستەوە و شایستەی نەفرەت و خەشمێك بوون كە قورئان لەو بارەیەوە دەفەرموێت:

﴿وَضُرِبَتۡ عَلَيۡهِمُ ٱلذِّلَّةُ وَٱلۡمَسۡكَنَةُ وَبَآءُو بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِۗ﴾

(البقرە: ٦١).

واتە: ((سەرشۆڕی و نەدارییان پێداكێشرا و بە خەشمی خودا گرفتار بوون)).

# شەهادەتی حەق

مەبەست لەم گەواهییەی كە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی لەئەستۆی ئێوەدا دانراوە، ئەوەیە كە لەبەرامبەری هەموو جیهانیاندا گەواهی بدەن بە حەقبوون و ڕاستییەتی و ڕاستگۆیەتی ئەوڕاستییەی كە بۆ ئێوە هاتووە و گەواهی بدەن بەو ڕاستگۆیەتییەی كە بۆتان ڕوون بووەتەوە و گەواهی بدەن بەو تاكە ڕێگای خۆشبەختی و ڕزگارییەی مرۆڤایەتی كە بۆ ئێوە خراوەتەڕوو. گەواهییەك كە ڕاستەقینەیی و ڕاستگۆیەتی ئەو ڕاستییە پیشانبدات و بیانووی جیهانیان ببڕێت سەبارەت بەئایین. پێغەمبەرانی خودا

بۆ ئەنجامدانی ئەم گەواهییە نێردرابوون بۆ جیهانیان و ئەنجامدانی ئەم گەواهییەش لەسەر ئەوان ئەرك و پابەندبوون بوو و لەپاش كۆچی دوایی هەر پێغەمبەرێكیش گەلەكەیان پابەند دەكران بە ئەنجامدانی ئەم گەواهییە. وە لەپاش كۆچی دوایی كۆتا پێغەمبەرﷺ، ئەم ئەرك و بەرپرسیارێتییە بە هەمان شێوە لەسەر شانی گەلی ئیسلامە كە لەسەردەمی ژیانی پێغەمبەری ئازیزداﷺ لەسەر شانی خۆی بوو، گرنگی ئەم گەواهییە لەئاستێكدایە كە تەواوی پایە و بناغەی یاساكانی پاداشت و سزا و كڕین و فرۆشتنێك كە خودا فەرمانی لەسەرداوە لەسەر ئەم گەواهییە جێگیرە. خودا (حكیم) و (رحیم) و جێبەجێكەری دادگەرییە و لە (حكمة) و (رحمة) و (عدل) و (قسط)ی ئەوەوە دوورە كە خەڵكی بێئاگا بكات لەو شتەی كە خۆی پێی ڕازییە و پێی خۆشە و، لێیشیان بپرسێتەوە و سزایانبدات لەسەرئەوەی كە بۆچی بە پێچەوانەی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی ئەوەوە كاریانكردووە. خەڵكی نەزانن كە ڕێگای ڕاست چییە و ئەویش ئەوان سزابدات لەسەرئەوەی كە لاڕێ بوون! خەڵكی نەزانن كە دەبێت وەڵامدەرەوەی چ شتێك بن و ئەویش لێیان بپرسێتەوە سەبارەت بە شتێك كە نەیانزانیوە! هەر لەبەر ئەم هۆكارەیە كە خودا بەدیهێنانی مرۆڤی بە پێغەمبەرێك دەستپێكرد و پاشان هەزاران پێغەمبەری بێشوماری نارد تا بە خەڵكی بڵێن كە ڕەزامەندی پەروەردگاریان لە چ شتێكدایە و شێوازی دروستی ژیانكردن لەدنیادا چ شێوازێكە و بە پەیڕەویكردن لە چ ڕێگایەك دەتوانن ڕەزامەندی پەروەردگاریان بەدەست بهێنن. وە پێویستە چ كارێك ئەنجام بدەن و پێویستە لە چ كارێكیش خۆیان بەدووربگرن و لەربارەی چ شتێكەوە پرسیاریان لێدەكرێت كە دەبێت

لەبەرامبەر خوادا وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارانەبن. لەقورئاندا بەڕوونی و ڕاشکاوانە هاتووە کە مەبەست لەم گەواهییە کە خودای باڵادەست لەڕێگەی پێغەمبەرەکانیەوە بەشێوەیەکی کردای جێبەجێی کردووە، بریتییە لە بیانووبڕینی بەندەکان تا ئەوان نەتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە بڵێن ئێمە بێئاگابووین و تۆ لەسەر شتێك لەئێمە دەپرسیتەوە کە سەبارەت بەوە لەپێشتردا ئاگادار و هۆشیار نەکرابووینەوە.

وەك دەفەرموویێت: ﴿رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ﴾ (النساء: ١٦٥).

واتە: (( (ئەوانە)پێغەمبەرانی موژدەدەر و ئاگادارکەرەوە لەترسناکی بوون، تا لەپاش پێغەمبەران خەڵکی هیچ بیانوویەکیان نەبێت لەبەرامبەر خوادا)).

بەواتایەکی تر خودای باڵادەست بە ناردنی پێغەمبەران، بیانووبڕین(إتمام الحجة)ی خەڵکی کە لەئەستۆی خۆی بووە، لای بردووە و خستوویەتیە ئەستۆی پێغەمبەرانەوە و پێغەمبەران لەسەر ئەم کارە زۆر ترسناکەی گەواهیدان(شهادة) دامەزرێنراون کە ئەگەر مافی گەواهیدان (حق الشهادة) بەشێوەی باشترین جێبەجێ بکەن، ئەوا خەڵکی خۆیان بەرپرسیاردەبن لەکار و کردەوەکانیان، وە ئەگەر پێغەمبەران لەکاری جێبەجێکردنی گەواهیدان(حق الشهادة)دا کەم و کوڕی بکەن، ئەوا ئەمان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر لاڕێیی و گومڕاییەکانی بەندەکانی خودا. واتە پێگەی پێغەمبەران بە ئەندازەیەك هەستیار بووە کە یان بە جێبەجێکردنی مافی گەواهیدان(حق

الشهادة) بەتەواوی بیانووی خەڵکی دەبڕن(إتمام الحجة) دەکەن، وە یان ئەوەتا خەڵکی لەبەرامبەریانەوە بیانوویەك بەدەست دەهێنن کە بۆچی ئەو زانستە ڕاستەقینەیەی کە بە ئێوە درابوو بە ئێمەتان نەگەیاندا؟ وە بۆچی فێری ئەو شێوازە دروستەی ژیانتان نەکردین کە خودا ئێوەی لێ ئاگادار کردبووەیەوە؟ هەر لەبەرئەمە بوو کە پێغەمبەرانی خودا زۆر بە قورسی هەستیان دەکرد بە سەنگینی ئەم باری سپاردە و بەرپرسیارێتییە کە لەسەر شانیان بوو و هەر لەبەرئەمەش بوو کە بۆ جێبەجێکردنی مافی گەواهیدان(حق الشهادة) و بیانووبڕین(إتمام الحجة)ی خەڵکی، هەریەکەیان لەنۆبەی خۆیاندا درێغییان لەهیچ هەوڵ و کۆششێك نەکردووە. پاشان لەو کەسانەی کە زانستی ڕاستەقینە و ڕێی ڕاستیان پێ گەیشتبوو لەلایەن پێغەمبەرانەوە، چەندین گەل پێکهاتن و هەمان بەرپرسیارێتی هەستیاری گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق) کە لەئەستۆی پێغەمبەراندابوو، کەوتە ئەستۆی ئەم گەلانەوە و لەژێر ناونیشانی جێنشینانی پێغەمبەرانی خوادا ئەم پێگەیەیان بەدەستهێنا کە ئەگەر مافی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق) جێبەجێ بکەن و خەڵکی باش نەبن و گۆڕانکاری لەخوڕەوشتیاندا نەکەن، ئەوا ئەمان لێیان ناپرسرێتەوە و خەڵکی خۆیان بەرپرسیاری کار و کردەوەکانیان دەبن. بەڵام ئەگەر لەجێبەجێکردنی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق)دا کەم و کورتی بکەن، وە یان لەجیاتی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق) لەبەرژەوەندی باتڵ گەواهی بدەن، ئەوا بەر لە گەلانی تر لێیان دەپرسرێتەوە و هەم بەرپرسیاری لاڕێیی و گومڕایی خۆیان دەبن و هەم بەرپرسیاری لاڕێیی و گومڕایی ئەو کەسانەش دەبن کە بە هۆی جێبەجێ نەکردنی گەواهیدانی

ڕاستەقینە(شهادة الحق)ەوە لەلایەن ئەمانەوە یان بەهۆی گەواهیدانی ئەمان بۆ باتڵ، دوچاری گومڕایی و گەندەڵی و لاڕێیی بوون.

# شێوازی جێبەجێکردنی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق)

گەواهیدان دوو جۆرە: یەکێکیان گەواهیدانی وتەیی(قولي) و ئەویتریان گەواهیدانی کرداری(عملي)ە. گەواهیدانی وتەیی بەم شێوەیەیە کە ئێمە لەڕێی هۆکارێکەوە ئەو زمان و پێنووسە ڕاستەقینەیەی کە لەڕێگەی پێغەمبەرانەوە پێمان گەیشتووە، بیگەیەنین بە جیهانیان. لەڕێگەی تەواوی شێوازە گونجاوەکان بۆ تێگەشتن و تێگەیاندن و تەکنیکەکانی گەیاندنی پەیام بە بەرامبەر و تەواوی هۆکارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و بە سوود وەرگرتن لەتەواوی ئەو هۆکارە نوێیانەی پەیام ناردن کە زانست و هونەر هێناویانەتە کایەوە، جیهانیان بە ئاگا بکەین لەو فێرکارییە ئایینییانەی کە خودا بڕیاری لەسەرداوە بۆ مرۆڤ. تەواوی ئەو فێرکارییانەی کە ئەم ئایینە خستوویەتیەڕوو بۆ ڕێنمونی کردنی مرۆڤ. چ دەربارەی بیروباوەڕ و هزر بێت، چ دەربارەی ڕەوشت و هەڵسوکەوت بێت، چ لەربارەی ئابووری و کڕین و

فرۆشتنەوە بێت، چ لەربارەی یاسا و دادوەریکردنەوە بێت یان ڕامیاریکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتەوە بێت و چ لەربارەی تەواوی ئەو کاروبارانەی ترەوە بێت و پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی بۆ جیهانیان بەشێوەیەکی باشترین ڕوون و ڕۆشن بکەینەوە و ڕاستەقینەیی بوونی ئەوانە لەڕێگەی بەڵگە و نمونە و گەواهیدانیەوە بیانخەینەڕوو و بیانسەلمێنین و هەرشتێکیش کە دژ و پێچەوانەی ئەم فێرکارییانەیە، لەڕێگەی ژیری و لۆجیکەوە بیخەینە بەر ڕەخنە و کەم و کوڕی و لاوازییەکانی ڕوون بکەینەوە. ماڤ ئەم گەواهیدانە جێبەجێ نابێت، مەگەر ئەوکاتەی کە کۆمەڵێکی گەل بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە پێغەمبەران بە تەنهایی لەبیری ڕێنمونیکردن(هیداية)ی خەڵکدا بوون، ئەمانیش لەبیری ڕێنمونی کردن(هیداية)ی خەڵکدابن. بۆ جێبەجێکردنی ماڤ ئەم گەواهیدانە، پێویستە کە چەقی تەواوی کۆششە بەکۆمەڵیەکانمان و هەوڵە جیهانییەکانمان لەسەر هەمان ئەم ئاڕاستەیە بێت. تەواوی هێزی هزر و بیر و تەواوی توانایی خۆمان بەکاربهێنین بۆ ئەم کارە و لەتەواوی کارەکانماندا بەهەموو شێوەیەك دەبێت ئەم ئامانجە لەبەرچاو بگیرێت و لەناو خۆماندا دەنگێك کە لەدژی ڕاستەقینە(حق) گەواهی بدات، بەهیچ جۆرێك نەیگرینە ئەستۆ.

بەڵام گەواهیدانی کرداری(عملي)، مەبەست لێی ئەوەیە کە ئێمە لەژیانی خۆماندا، بەشێوەیەکی کرداری ئەو بنچینانە جێبەجێ بکەین کە بانگەشەی ئەوەیان بۆ دەکەین کە بڕوامان بە ڕاستەقینەیی بوونیان هەیە و دنیا تەنها لەڕێگەی زمانی ئێمەوە پێناسە و پیاهەڵدانی ئەو بنچینانە نەبیستێت، بەڵکو باشییەکان و پیرۆزی و بەفەڕیەکان(برکات)ی ئەو بنچینانە بە شێوەیەکی زیندوو و بەرجەستە لەژیانی ئێمەدا ببینێت. جیهانیان لەڕەفتارماندا هەست

بکەن بەو شیرینییەی کە بەهۆی کاریگەری چێژی باوەڕەوە لەڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤدا پەیدادەبێت و بە چاوی سەر ببینن کە ئەم ئایینە چ مرۆڤێکی باش پەروەردە دەکات، چ کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و چ کۆمەڵگەیەکی چاکەکار و چ شارستانیەتێکی پاکیزە دێنێتەکایەوە. ببینن کە بەهۆی تیشکی فێرکارییەکانییەوە، زانست و تەکنیك و هونەر و ئەدەب بەرەو چ ئاڕاستەیەکی دروست دەبزوێت و چ هاریکارییەکی ئابوورییانەی بەویژدانانە و دڵسۆزانە و بەبێ کێشمەکێش دەستی بەسەرکۆمەڵگەدا گرتووە و تەواوی لایەنەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی چۆن چاکسازی تێدا دەکرێت و گەشەدەکات و پڕاوپڕدەبن لەباشییەکان. مافی ئەم گەواهیدانە تەنها بەم جۆرە جێبەجێ دەبێت کە هەم یەکەیەکەی تاکەکانی گەلی ئێمە و هەم تەواوی گەلەکەمان بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ بگۆڕێن و ببن بە گەواهیدەرێکی بەرجەستە و زیندوو بۆ ڕاستەقینەیی و ڕاستگۆیی ئایینەکەیان. کردار و هەڵسوکەوتی تاکەتاکەی گەلی ئیسلامی گەواهیبدا لەسەر ڕاستەقینەیی و ڕاستگۆیی ئەو ئایینە، لەماڵەکانی ئێمەوە بۆنخۆشی ئەو ئایینە بگاتە هەستی بۆنکردن و هەستی پێبکرێت، ناوەندە بازرگانی و ناوچە پیشەسازییەکانی ئێمە بەهۆی ڕووناکی ئەو ئایینەوە بدرەوشێتەوە، فەرمانگە و خوێندنگاکامان بەهۆی ڕووناکییەکەیەوە ڕووناکی بداتەوە و چاپکراو و تۆمارکراوە دەنگییەکانمان بەڵگەیەك بن بۆ باشیەتی ئەو ئایینە و ڕێڕەوی بەروپێشچوونی نەتەوەییمان و هەوڵوکۆششە بەکۆمەڵەکانمان بەڵگەیەك بێت بۆ ڕاستیەتی ئەو ئایینە. بەکورتی، هەر کەسێك و هەر گەل و نەتەوەیەك لەهەر شوێنێك بمانبینێت و هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکات، لەڕێگەی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و کرداری کەسی و گشتیمانەوە هەست بکات کە ئەو

بنچینانەی بانگەشەی ڕاستەقینەیی بوونیان دەکەین هەر بەڕاستی ڕاستن و هەر بەڕاستی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕن بە ژیانێکی باشتر و پاکیزەتر و بالأتر. پاشان دەبێت ئەم خاڵەشتان بۆ بخەمەڕوو کە ئەم گەواهیدانە تەنها سەردەمێك دەتوانرێت بە شێوەیەکی تەواوەتی و بیٚ کەم و کوڕی جێبەجیٚ بکرێت کە فەرمانڕەوایەتییەك و سیستمێك لەسەر بناغەی ئەم بنچینانە دروست ببێت و بە جێبەجێکردنی یاساکانی ئایین، بە یەکسانی و دادپەروەرێتی، بە بەرنامەی چاکسازی، بە جوانی سیستم و بەڕێوەبردن، بە دڵنیایی و جێگیری، بە خۆشی و ئاسایشی هاونیشتمانیان، بە خوڕەوشتی جوانی کاربەدەستەکان، بە ڕامیارییەکی ناوخۆیی میهرەبانانە، بە ڕامیارییەکی دەرەکی ڕاستگۆیانە، بە جەنگی ڕەوشتبەرزانە و بە ئاشتەوایی ئەمەکدارانە، ئەم شتە بۆ تەواوی جیهان بسەلمێنن کە ئەو ئایینەی کە ئەم وڵات و سیستمەی هێناوەتە بوون، هەر بەڕاستی دابینکەری ڕزگاری مرۆڤایەتیە و چاکە و خۆشبەختی مرۆڤی تێدایە. کاتێك ئەم گەواهیدانە کرداری(عملي)ە هاوتا ببێت لەگەڵ ئەو گەواهیدانە وتەیی(قولي)ەدا، لەوکاتەدایە کە ئەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەی کە لەسەر شانی گەلی ئیسلامییە جێبەجیٚ دەبێت و دوای ئەوەیە کە بیانووی جیهانیان بەتەواوی دەبڕدرێت(واتە (إتمام الحجة)ی جیهانیان دەکرێت) و لەپاش ئەمەیە کە ئەم گەلە شایستەیی ئەوە بەدەست دەهێنێت کە لەدادگای دواڕۆژدا لەپاش پێغەمبەرﷺ بچێت بۆ شوێنی گەواهیدان و گەواهی بدات کە ئەوشتەی کە پێغەمبەرﷺ بە ئێمەی گەیاندبوو، ئێمەش گەیاندمان بە جیهانیان. لەپاش

ئەم گەواهییەیە کە ئەگەر دیسانەوە کەسانێك ڕێگای ڕاست هەڵنەبژێرن، ئەوا خۆیان بە تەنهایی بەرپرسیار دەبن لەلاڕێیی و گومڕایی خۆیان.

# گەواهیدانی وتەیی(قولي)

بەڕێزان! ئەمە ئەو گەواهییە بوو کە پێویستبوو ئێمە وەك موسڵمان بە وتە(قول) و بە کردار(عمل) بماندایە، بەڵام با بزانین کە ئەمڕۆ لەجیهانی بینراو(عالم الواقع)دا چ گەواهییەك دەدەین. سەرەتا لە گەواهیدانی وتەیی(قولي)ەوە دەست پێدەکەین. لەناو ئێمەدا کۆمەڵێکی زۆرکەم بوونیان هەیە کە هەر یەکە و لەچەند شوێنێکدا بەشێوەی تاك و لەهەندێك شوێنی تردا بەشێوەی کۆمەڵ و لەڕێگەی زمان و پێنووسەوە گەواهی بەئیسلام دەدەن و لەنێوان ئەوانیشدا ئەوکەسانەی کە ئەم گەواهییە جێبەجێ دەکەن بەو شێوەیەی کە ماف و شیاوی ئەم گەواهییە بێت، لەوانەیە لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕنەبن. ئەگەر ئەم کۆمەڵە کەمە جیابکەینەوە، دەبینیت کە گەواهیدانی زۆرینەی موسڵمانان نەك بەسوودی ئیسلام نییە، بەڵکو لەدژی ئیسلامە. خاوەن زەوی و پارەدارەکانی ئێمە گەواهی دەدەن کە یاسای بۆماوەیی(وراثة)ی ئیسلامی نادروستە و شێواز و یاسای نەفامی دروستە. بەرگریکار و دادوەری دادگاکانی پاداشت و سزای ئێمە گەواهی دەدەن کە تەواوی یاساکانی ئیسلام نادروستن و تەنانەت دیدگا و هزری یاسای ئیسلامی و خودایی لەبنچینەدا نادروست و پەسەندنەکراون و یاسای

ڕاست و دروست تەنها ئەو یاسایانەن کە مرۆڤ دایناون. مامۆستایانی خوێندنگا و زانکۆ و پەیمانگاکانی ئێمە گەواهی دەدەن کە لەفەلسەفە و دانایی، لەمێژوو و کۆمەڵناسی، لەزانستی ئابووری و ڕامیاری، لەیاسا و ڕەوشتدا هەمان ئەو دیدگا و بیردۆزانە لەسەر ڕاستین کە لەفێرکارییە بێباوەڕییەکانی ڕۆژئاواوە وەرگیرابن و دیدگای ئیسلام لەم بابەتانەدا تەنانەت بۆ سەرنجدانیش ناشێن. ئەدیبەکانی ئێمە گەواهی دەدەن کە پەیامی ئەدەبیاتیان هەمان پەیامی بێباوەڕەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ڕوسیایە و ئەدەبیاتی موسڵمانان هیچ جۆرە پەیام و گیانێکی سەربەخۆی تێدانییە. ڕاگەیاندنەکانی ئێمە گەواهی دەدەن کە شێواز و تەکنیکەکانیان بۆ شیکار و خستنەڕووی بابەتەکان، هەمان شێواز و کەکنیکەکانی ناموسڵمانەکانە. بازرگانان و پیشەوەرانی ئێمە گەواهی دەدەن کە ئەو سنوورانەی کە ئیسلام بۆ کڕین و فرۆشتن بڕیاری لەسەرداون، بۆ جێبەجێکردن شیاونین و کاروپیشە تەنها بەپێی ئەوشێوازانە گونجاو و پەسەندکراوە کە کافرەکان پەیڕەوی لێدەکەن. سەرکردە ڕامیارییەکانی ئێمە گەواهی دەدەن کە پەیڕەوی دەکەن لەهەمان ئەودروشمە نەتەوەپرستی و نیشتمانپەرستی و هەمان ئەوقازانجە نەتەوەییانەی کە لەلای کافران هەیە و بۆ چارەسەری کێشە و بابەتەکانی گەل لەهەمان ئەو شێوازانەی ئەوان سوودوەردەگرن و لەڕامیاری و یاسادا شوێنی هەمان ئەو بنچینانەی ئەوان دەکەون و ئیسلام لەم کاروبارانەدا هیچ جۆرە ڕێنمایی و دەستورێکی نییە. زۆرینەی خەڵکی ئێمە گەواهی دەدەن کە جگە لەدنیا و کاروباری دنیایی هیچ شوێنێکی تر نییە کە زمانیانی تێدا بەکاربهێنن. ئەوانە ئایینێکیان نییە کە بڵاوی بکەنەوە، وە یان بەشێك لەکاتی خۆیان بۆ گفتوگۆی بابەتەکانی

تەرخان بکەن. ئەمەیە ئەو گەواهییە وتەیی(قولی)ەی کە تەواوی گەلی ئێمە دەیدەن نەك تەنها لە(هندستان)، بەڵکو لەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا.

# گەواهیدانی کرداری(عملي)

با بێینە سەر گەواهیدانی کرداری(عملي). بارودۆخی گەواهیدانی کرداری(عملي) لە گەواهیدانی وتەیی(قولي) خراپترە. بەبێ گومان و دوودڵی لەنێوان ئێمەدا کەسانێکی چاکەکەر دەبینرێن کە ئیسلام بەشێوەیەکی کرداری لەژیانیاندا جێبەجێ دەکەن، بەڵام شارەگەورەکان و زۆرینە لە چ بارودۆخێکدان؟ نوێنەرایەتی زۆرینەی موسڵمانان لەکارکردن بە ئیسلام چۆنە؟ کە تاکی پەروەردەکراو لەناو موسڵماناندا بە هیچ جۆرێك باشتر یان جیاوازتر نین لەو تاکانەی کە لەناو کافراندا پەروەردە بوون، بەڵکو تەنانەت لەهەندێك لایەنەوە لەوانیش خراپترن. دەتوانن درۆ بکەن، دەتوانن خیانەت بکەن، دەتوانن ستەم بکەن، دەتوانن هەڵبخەڵەتێنن، دەتوانن بەڵێن و بڕیاریان بخەنە ژێر پێیانەوە، دەتوانن دزی و چەتەیی بکەن، دەتوانن خراپەکاری و گەندەڵی بکەن، دەتوانن کاری بێ ئابڕوویی و نامەردانە بکەن و لەتەواوی ئەم ناڕەوشتیانەدا لەناویاندا ئەنجامدەرانی ئەماکارە ناشیاوانە لەهیچ گەلێکی کافر کەمتر نییە. پاشان شێوازی بەسەربردنی ژیان و هەڵسوکەوتمان، ڕێوڕەسمەکانمان، مەڕاسیمەکانمان، جەژن و زەماوەندەکانمان، کۆبوونەوە و هەنگاوەکانمان و بەکورتی هیچ لایەنێك

لەلایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمان نییە کە ئێمە بەرێکی و دروستی نوێنەرایەتی ئیسلامی تێدا بکەین. ئەم شتە وەك گەواهییەکی زیندوو وایە کە پەیڕەوانی ئیسلام گەواهییان دابێت کە لەژیانیاندا نەفامی هەڵبژێرن بەسەر ئیسلامدا. ئەگەر خوێندنگا دروست دەکەین، ئەوا زانست و سیستمی پەروەردە و فێرکردن و گیانی دەسەڵاتدار بەسەر پەروەردە و فێرکردندا لەکافرانەوە وەردەگرین، ئەگەر ئەنجومەن و ڕێکخراو دروست دەکەین، ئەوا ئامانجی سیستم و شێوازی کارکردن و هەموو شتێك ڕێك وەك ئەنجومەن و ڕێکخراوی کافرەکانە. ئەگەر نەتەوەکەمان دێتە ناو گۆڕەپانی چالاکییە بەکۆمەڵەکان، ئەوا داواکارییەکان و شێوازەکانی کارکردن و یاسا و سیستمی کۆمەڵ و پێشنیارەکان و وتارەکان و ڕوونکردنەوەکان و شتانێکی تریش هاوشێوەبوونێکی گەلێك زۆری هەیە لەگەڵ شێوازی کافرەکاندا لەو کاروبارانەی سەرەوەدا. تەنانەت لەو شوێنانەشدا کە موسڵمانان وڵاتی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆیان هەیە، لەم شوێنانەشدا سیستمی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵەیاساکانمان لەکافرانەوە وەرگرتووە و یاساکانی ئیسلام لەهەندێك لەم وڵاتانەشدا تەنها لەسنووری باری کەسێتیدا تەسککراونەتەوە و هەندێك لەڕژێمەکان تەنانەت لەوانەشدا گۆڕانکارییان کردووە. لەم ماوەیەی پێشوودا نووسەرێکی ئینگلیزی بەناوی (لۆرێنس براون Lawrence Brown)ەوە لەکتێبەکەیدا بەناوی ( The Prospects of Islam) بە گاڵتەپێکردنەوە وتوویەتی: ((کاتێك ئێمە لەهندستان یاساکانی ئیسلاممان بە کۆنەپەرستانە و نەشیاو بۆ جێبەجێکردن و پووچ دانا و تەنها بەشێکی کەم لەیاساکانی باری کەسێتیمان هێڵابوویەوە، ئەم شتە بۆ موسڵمانان زۆر قورس و گرانبوو، چونکە بەم شێوەیە پێگەی ئەوان

نزم دەبوویەوە بۆ ئەوپلەیەی کە ناموسڵمانەکان(ذمّي)ەکان[1] لەحکومەتی ئیسلامیدا هەیان بوو. بەڵام نەك هەر تەنها موسڵمانەکانی (هندستان) ئەم

[1] ذميّ: بەوانە دەوترێت کە لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا دەژین و موسڵمان نین.

ئەهلی زیمە سەرەڕای ئەو حەوت مافەی کە هەیانە(مافی ژیان، مافی فێربوونی زانست بۆ بەدەستهێنانی نەزانراوە ئاینی و زانستییەکا، مافی ئازادی، مافی بەدەستهێنانی کارکردن و سامان، مافی ڕێز و بەهای مرۆیی، مافی یەکسانی و هاوبەرابەری و مافی برایەتی)، مافی تریشیان هەیە کە بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەین:

١. دەتوانن ناوچەی سەربەخۆی خۆیان هەبێت.
٢. شوێنە پیرۆزەکانیان پارێزراوە لەهەرجۆرە دەست درێژییەك، وە بەتەواوی ئازادن لەئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئاینی لەناوچەکانی خۆیاندا، بەڵام ئەوشوێنانەی کە پەیوەستە بە موسڵمانان نابێت ڕێوڕەسمی تێدا بکەن و دەبێت لەشوێنە پیرۆزەکانی تایبەت بەخۆیان و پەیوەست بەخۆیانەوە ڕێوڕەسمی ئاینییان بەڕێوەببەن، مەگەر کاتێك کە زۆرینەی موسڵمانان ڕازیبن کە ئەوان ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان لەشوێنەگشتییەکانی موسڵماناندا بەڕێوە ببەن.
٣. مۆڵەتیان هەیە کە بەئازادی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ(مناظرة) بکەن.
٤. لەڕوانگەی فەرهەنگییەوە لەناوچەی خۆیاندا بەتەواوی ئازادن، وە لەسەر بنچینەی پەروەردەی مەزهەبی و ئاینییان کاردەکەن.
٥. مۆڵەتی پێکهێنانی شارەوانی و هێزی سوپایان پێدەدرێت بەپێی بیروباوەڕی خۆیان و لەناوچەی تایبەت بەخۆیاندا، بەڵام مۆڵەتی سنووردارێتی(پاراستنی سنوور)یان پێنادرێت.
٦. لەناوچەی خۆیان مۆڵەتی مافی پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاوێژ(مجلس الشورى)ی ناوچەییان پێدەدرێت.
٧. ئازادی ڕادەبڕین و بڵاوکردنەوە و بەدەستهێنانی کاریان هەیە.

٨. دەتوانن سیستمی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، وە ناچارنین ئایینی ئیسلام لەسیستمی خوێندندا بخوێنن.

٩. لەناو خۆیاندا ئازادن لەکارکردن بە قەدەغەکراوەکان(حەرامکراوەکان)ی ئیسلام، هەڵبەتە بەمەرجێك كە بڵاوەی پێنەکەن بۆ ناو موسڵمانان.

١٠. لەناوچەی سەربەخۆی خۆیاندا مافی بەدەستهێنانی هەموو جۆرە پلەوپایەیەکیان هەیە، بەڵام لەچوارچێوەی حکومەتی ئیسلامیدا، وە لەوناوچانەدا کە زۆرینەیان موسڵمانن مافی سەرپەرشتییان نییە بەسەر موسڵماناندا، وەك بەئەندام بوون لە دەستەی ڕاوێژی (وەلی ئەمر) و بەربرسیارێتی هەڵسەنگاندنی گرنگ یان دادگای موسڵمانان.

١١. مافی هەڵبژاردنی هەر شێوازێکیان بۆ ژیان و بەدەستهێنان هەیە، مەگەر کاتێك کە شێوازەکەیان زیانێکی بۆ کۆمەڵگا هەبێت و سیستمی گشتی بشێوێنێت.

١٢. سەرانە(جزیة) تەنها لەکەسێك وەردەگیرێت کە توانای بەشداریکردنی جەنگی هەبێت، (پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت کە بڕی سەرانە لەبڕی زەکات کەمترە کە لەموسڵمانان وەردەگیرێت).

١٣. لەخزمەتی سەربازی بەخشراون، چونکە سەربازی بەمانای جیهاد لەڕێگای ئایینی خوادایە بەجیهانیان، کە ئەوانیش بڕوایان بەم کارە نییە، هەڵبەتە پەسەندکردنی ئەم کارە لەلایەن ئەمانەوە دەتوانێت زەمینەسازی ناڕەحەتییەکان بێت، وە لەڕوویەکی ترەوە ستەمە لێیان، بەڵام لەکاتێکدا کە وڵاتی ئیسلامی کەوتە بەر هێرش خۆیان سەرپشکن لەپاراستنی نیشتمانی ئیسلامی، لەم کاتەدا سەربازییان لێ وەردەگیرێت، وە چیتر سەرانەیان لێ وەرناگیرێت.

١٤. پەیمان لەنێوان موسڵمانان و ئەهلی زیممە تا کاتێك دەپارێزرێت کە ئەوان لەوڵاتی ئیسلامیدا فیتنە و ئاشوب بەرپا نەکەن، وە یان نیشتمان لەبەر مەبەستی جەنگ لەگەڵ موسڵمانان بەجێ نەهێڵن.

شتەیان پەسەندکرد، بەڵکو خودی وڵاتە ئیسلامییەکانیش لەم زەمینەیەدا لاسایی ئێمە دەکەنەوە. (تورکیا) و (ئەلبانیا) تەنانەت لەمەدا زیاتر ڕۆچوون و لەیاساکانی تایبەت بە هاوسەرگیری و جیابوونەوە(طلاق) و بۆماوە(میراث)یشدا دەستیانکرد بە گۆڕانکاری و بەکارهێنانی ئەوزاراوانەی کە هاوتابوو لەگەڵ خووە باوەکانی ئێمەدا. ئێستا ئەوە بە ڕوونی سەلماوە کە ئەم بانگەشە و باوەڕەی موسڵمانان کە دەڵێن سەرچاوەی یاسادانان ویستی خودایی(إرادە الله)یە، لەئەفسانەیەکی پیرۆز (Piousfiction) زیاتر نییە)).

ئەمەیە ئەو گەواهیدانە کرداریی(عملي)ەی کە بەشێوەیەکی نزیکەیی تەواوی موسڵمانانی دنیا بەگشتی لەدژی ئیسلام دەیدەن. هیچ جیاوازییەك ڕوونادات کە بە زمان چی دەڵێین و چ بانگەشەیەك دەکەین، چونکە کردەوەی کۆمەڵایەتیمان گەواهی ئەوە دەدات کە هیچ جۆرە ڕێگە و شێوازێك لەشێوازەکانی ئەم ئایینەمان پەسەند نییە و ئەوە نیشان دەدات کە ئێمە هیچ جۆرە ڕزگاری و سەربەرزییەکی خۆمان لەهیچ یەکێك لەیاساکانی ئەم ئایینەدا نابینینەوە.

---

ئەم پەراوێزە وەرگیراوە لەزنجیرە وتاری (سیستمی سیاسی لەئیسلامدا)ی (شەهید م. ناصری سوبحانی)ەوە، وتارەکانی پانزەیەم و شانزەیەم.(و.کوردی).

# گەواهیدانی هەڵبەستراو(شهادة الزور)

شاردنەوەی ئەم ڕاستەقینە و ئەم گەواهیدانە درۆیەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین، هەمان ئەو سزایانەی بەشوێندایە کە لەیاسا خوداییەکاندا بۆ تاوانێکی قورس و گران ئامادەکراوە. کاتێك گەلێك ناسوپاسی دەکات بەرامبەر بە بەخششەکانی خودا و ڕەدیان دەکاتەوە و خیانەت لەبەدیهێنەرەکەی خۆی دەکات، خودا هەم لەدنیادا و هەم لەڕۆژی دواییدا سزای دەدات. لەبارەی (یەهودیەکان)ەوە ئەم یاسایەی خودا جێبەجێکراوە و وەك دەبینن کە ئێمەش شوێنی تاوانبارانمان گرتووەتەوە، خودا هیچ دوژمنایەتییەکی کەسێتی لەگەڵ (یەهودیەکان)دا نەبوو تا تەنها بەهۆی ئەمەوە سزایان بدات، وە لەگەڵ ئێمەشدا هیچ جۆرە خزمایەتییەکی نییە کە سزامان نەدات هەرچەندە ئەم تاوانەشمان ئەنجامداوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بە چ ئەندازەیەك کەم و کوڕیمان نواندووە لەجێبەجێکردنی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق)دا و بە چ ئەندازەیەك چووینەتە پێشەوە بۆ جێبەجێکردنی گەواهیدانی پوچ(باطل)، ئەوا بە هەمان ئەو ئەندازەیە دوچاری لێکترازان و دووبەرەکی بووین. تەنها لەم یەك سەدەیەی ڕابردوودا تەواوی ناوچەکان هەر لە (مەڕاکیش–مەغریب–)ەوە تا (هندستانی ڕۆژهەڵات) لەدەستمان دەرچوون. وڵاتە موسڵمانەکان یەك لەدوای یەك شکستیان هێناوە و ژێردەستە بوون. ئیتر موسڵمان بوون وەك نیشانەی شانازی و سەربەرزی نەماوە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ نیشانەی ژێردەستەیی و هەژاری و دواکەوتوویی. لەدنیادا نرخ و ئابڕوومان بۆ نەماوەتەوە. لەشوێنێك بە کۆمەڵ

کوژراوین و لەشوێنێکی تر لەماڵ و لانە و نیشتمانی خۆمان دەربەدەر کراوین، لەشوێنێکی تریش چێژی تاڵی و ناخۆشی خراپترین سزایان پێ چەشتووین و لەشوێنێکی تر ئێمەیان بۆ نۆکەری و ڕەنجبەری بە زیندویەتی هێشتووەتەوە. لەو شوێنانەشدا کە حکومەتەکان بە دەستی موسڵمانەکانەوە ماوەتەوە، لەو شوێنانەشدا موسڵمانان شکست لەدوای شکستیان تاقیکردووەتەوە و لەئێستادا لەترسی هێزە دەرەکییەکان جەستەیان لەرزی لێ نیشتووە، لەکاتێکدا ئەگەر بە شێوەی وتەیی(قولي) و کردای(عملي) گەواهییان بە ئیسلام دەدا، ئەوا دەتانبینی کە هەڵگرانی ئاڵای کوفر لەترساندا جەستەیان لەرزی لێ نیشتبوو. بۆ دووربکەوینەوە، با سەرنج بدەین لەبارودۆخ و گوزەرانی خۆمان لەم وڵاتەی خۆماندا (هندستان). ئەو کەم و کوڕییەی کە ئێمەی موسڵمان لەبەرامبەر جێبەجێکردنی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق)دا ئەنجامانداوە و تەنانەت لەدژی ڕاستی(حق) گەواهیمان داوە، ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە تەواوی ئەم وڵاتە لەدەستی ئێمە دەرچوو. سەرەتا (مەرهەتەکان) و (سیکەکان)[1] پێیان پیانانین، پاشان بەندایەتی ئینگلیزەکان بوو بە بەشمان و ئەوەتا دەبینن کە لەبەرامبەر هەڕەشەیەکی گەورەتردایین. ئەمڕۆ گەورەترین پرسیار لەبەرامبەر ئێوەدا پرسیاری زۆرینە و کەمینەیە و ئەم هەست و بیرکردنەوەیە جەستەتان دەلەرزێنێت کە نەوەك زۆرینەی هندۆییەکان حوکم بەسەرتاندا بکەن، بەڵام

---

[1] مەرهەتەکان و سیکەکان دوو نەتەوەن لەنەتەوەکانی هندستان کە بەرلەوەی ئینگلیزەکان دەستبگرن بەسەر نیمچەکیشوەری هندستاندا، دەستیان گرت بەسەر چەندین بەشی ئەو نیمچە کیشوەرەدا و زۆر بە توندوتێژی و سەختی هێرشیان کردە سەر موسڵمانان.

سوێندتان دەدەم بە خودا ئێوە بە من بڵێن ئەگەر ئێوە گەواهیدەرانی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ بوونایە بۆ ئیسلام، ئایا ئێستا زۆرینەیەك بوونی دەبوو كە لەبەرامبەریەوە هەست بە ترس بكەن؟ ئایا ئەگەر هەر ئەمڕۆ بە وتە(قول) و كردار(عمل) بگۆڕێن بۆ گەواهیدەرانی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ بۆ ئیسلام، ئەم بابەتەی زۆرینە و كەمینەیە لەچەند ساڵێكدا بە كۆتا ناگات؟ لەنیشتمانی عەرەبیدا زۆرینەیەك بە زەبر و هێزی دەمارگیرانە و ستەمەوە پشتوێنی ئازایەتی لێ بەستبوو بەرامبەر بە كەمینەیەك كە یەك بە سەد هەزار دەبوون، بەڵام گەواهیدانی ڕاستگۆیانەی ئیسلام تەنها لەماوەی دە ساڵدا ئەم كەمینەیەی گۆڕی بۆ زۆرینەی لەسەدا سەد. پاشان كاتێك ئەم گەواهیدەرانەی ئیسلام لەنیشتمانی عەرەبی هاتنە دەرەوە، لەماوەی بیست و پێنج ساڵدا تەواوی نەتەوەكان هەر لە (مەغریب) تا (توركستان) یەك لەدوای یەك گەواهیدانی ئەوانیان پەسەندكرد و بڕوایان پێهێنا. چەندین ناوچە كە لەسەدا سەد بتپەرست و مەجوسی و مەسیحی نشین بوون، لەسەدا سەد بوون بە موسڵمان نشین. هیچ كەللەڕەق و ملەجیڕێیەك، هیچ دەمارگیری و نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستییەك و هیچ بیرتەسكییەكی ئایینی هێندە خۆڕاگر و بەهێز نەبوو كە بتوانێت لەبەرامبەر گەواهیدانی ڕاستگۆیانە و زیندووی ڕاستەقینە(حق)دا خۆی بگرێت. ئەگەر ئێمە و ئێوەش ئێستا دەبینین ژێرپێ دەخرێین و دادەپڵۆسێنرێین ئەوا لەئایندەدا زیاتر هەست بە ترس دەكەین بەرامبەر بە ژێرپێخستن و داپڵۆسینێكی تر، ئایا ئەم شتە جگە لەسزای شاردنەوەی گەواهیدانی ڕاستەقینە (شهادة الحق) و ئەنجامدانی گەواهی هەڵبەستراو(شهادة الزور) دەكرێت شتێكی تر بێت؟ ئەمە كە تەنها سزای دنیایی ئەم تاوانەیە، بەڵام لەوە دەترسین كە لەڕۆژی دواییدا سزایەكی

توندتر و بەهێزتر چاوەڕێمان بکات. تا ئەوکاتەی ئێمەی موسڵمان وەك گەواهیدەرانی ڕاستەقینە ئەرکەکەی خۆمان جێبەجێ نەکەین، هەر گومڕاییەك کە لەدنیادا بڵاوببێتەوە و هەر بێ ڕەوشتییەك و بەدکارییەك برەو پەیدا بکات، ئەوا ئێمە لەبەرامبەریدا بەرپرسیار دەبین. ئەگەر بەرپرسیاری سەرهەڵدانی ئەم خراپەکارییانە نەبین، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەرپرسیار دەبین بەرامبەر بە هۆکارەکانی مانەوەی ئەو خراپەکارییانە و بەرپرسیار دەبین بەرامبەر بە مۆڵەتدان بە مانەوەیان و زیندوومانی ئەو خراپەکارییانە.

## ئەرکی سەرشانی ئێمە

بە پشت بەستن بەوەی کە باسکرا، پێویستە کە بۆتان ڕوون بووبێتەوە کە دەبوو ئێمە وەك موسڵمان چ کارێکمان بکردایە، بەڵام لەجیاتی ئەوەدا چی دەکەین و ئەوەیشی کە خەریکین دەیکەین چەندین ئەنجامی ترسناکی تێدابووە بۆمان. ئەگەر لەم گۆشەیەوە سەیری کێشە و بابەتەکانی موسڵمانان بکەن هەر بە خودی خۆتان بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شتەی موسڵمانانی هندستان و موسڵمانانی وڵاتەکانی تر بە کێشە و گرفتی سەرەکی و بنچینەیی دەزانن و، بۆ چارەسەرکردنیان سوود لەبیرکردنەوەیەك وەردەگرن کە زایەی بیر و هزری کەسانی ترە و تەواوی هێزی خۆیانی بۆ بەکاردەهێنن، بۆتان دەردەکەوێت کە لەڕاستیدا هیچ یەکێك لەوانە کێشە و گرفتی سەرەکی و بنچینەیی موسڵمانان نییە و لەدەستدانی ئەم هەموو کات

و پارە و سەرمایە و بیرۆکانە بۆ چارەسەرکردنیان لەبنچینەدا جگە لە زیان هیچی تر نییە. ئەم پرسیارە کە کەمینەیەك لەناو زۆرینەیەکدا گیری کردووە، چۆن بوون و ماف و سوودەکانی خۆی بپارێزێت، وە چۆن دەتوانرێت سنوورێکی تایبەتی و هێز و دەسەڵاتدارێتیەك وەك زۆرینەیەك بەدەست بێت و نەتەوەیەکی ژێردەستە چۆن خۆی لەژێر دەستی دەسەڵاتی نەتەوەیەکی دەسەڵاتدار ئازاد بکات و نەتەوەیەکی لاواز چۆن خۆی بپارێزێت لەزیان و خراپەی نەتەوەیەکی بەهێز، وە نەتەوەیەکی دواکەوتوو چۆن خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی نەتەوە بەهێزەکان بەدەست بهێنێت؟ ئەم پرسیار و بابەتە هاوشێوانە دەکرێت بۆ نەتەوە ناموسڵمانەکان بە گرنگترین و لەپێشترین پرسیار و بابەت دابنرێن و دەتوانرێت ببێت بە چەقی تەواوی هەوڵ و کۆشش و سەرنجەکانیان، بەڵام بۆ موسڵمانان خودی ئەم شتانە بابەتی سەربەخۆ نین، بەڵکو تەنها بە ئەنجامی بێئاگاییەك دادەنرێن کە لەکارە سەرەکییەکەی خۆمانی دوورخستووینەتەوە و تا ئەمرۆکەش هەر درێژەی پێ دەدەین. ئەگەر ئێمە کار و ئەرکی سەرەکی خۆمان ئەنجامدەدا، ئەمڕۆکە لەم دارستانە چڕوپڕەدا هیچ جۆرە کێشە و گرفتێکی ئاڵۆز و پەرێشانکەر بۆ ئێمە سەری هەڵنەدەدا و، ئەگەر ئەمڕۆکەش لەجیاتی ئەوەی کە سەرمایە و کات و هێزی خۆمان لەبڕینەوەی ئەم دارستانەدا بەکارببەین، تەواوی سەرنج و کۆششی خۆمان بۆ کارە سەرەکییەکەمان بەکارببەین، ئەوا ئەم دارستانە چڕوپڕ و پەرێشانکەرە نەك تەنها بۆ ئێمە، بەڵکو لەماوەیەکی زۆرکەمدا لەتەواوی جیهانیانیش دووردەکەوێتەوە. چونکە ئەوکاتە بەرپرسی چاکسازی و پاکێتی جیهان ئێمە دەبووین، وە کاتێکیش کە ئێمە ئەرکی خۆمان بەئەنجام

نەگەیاند، دنیا پڕبوو لەچەندین دارستانی دڕکاوی و دڕکاویترینیشیان بوو بە بەشی خۆمان.

## بابەتی سەرەکی ئێمە

بەڵام بەداخەوە پێشەوایانی ئایینی و پێشڕەوانی ڕامیاری موسڵمانان هەوڵنادەن ئەو ڕاستییە تێبگەن کە ئەوان کێشەی سەرەکی خۆیان کردووە بە بابەتەکانی زۆرینە و کەمینە، ئازادی نیشتمان، پارێزگاریکردن لەناسنامەی نەتەوەیی و بەرەوپێشچوونی ماددی و دانی پێدا نانێن، لەکاتێکدا کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و بابەتانە، هەمان ئەو ڕێگای چارەسەر و بۆچوونانە پێشنیار دەکەن بۆ موسڵمانان کە لە ناموسڵمانەکانەوە وەریانگرتووە و فێری بوون.

بەڵام من بەو ئەندازەیەی کە بڕوام بە خودا هەیە، بەو جۆرەش بڕوام بەم کارە هەیە کە ئەمانە ئێوە بەرەو لاڕێیی دەبەن و بە بڕینی ئەم ڕێگایە هەرگیز بە شوێنی مەبەست و ڕزگاری و سەرفرازی ناگەن. من ئەگەر بەبێ ڕووگێری و بە تەواوی ڕاستگۆییەوە بە ئێوە نەڵێم کە کێشە و بابەتی سەرەکی ژیانی ئێوە چییە، ئەوا خراپەویستێکی خراپ دەبم بۆ ئێوە. ئێوە بەهۆی ئەو ڕێنمونی(هیدایة)ەوە کە لەڕێگەی پێغەمبەرﷺەوە پێتان گەشتووە، چ بتانەوێت و چ نەتانەوێت، لەدنیادا بە نوێنەری ئیسلام دادەنرێن.

ئەگەر ئێوە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست پەیڕەویتان کرد لەم ڕێنمونی(هیدایة)ە و لەوتە(قول) و کردار(عمل)تاندا بە ڕاستگۆیانە گەواهی(شهادة)تان پێدا و لەکۆمەڵگەی ئێوەدا و هەڵسوکەوتی گشتیتاندا ئیسلام بە باشی و وردییەوە پیادەکرا، ئەوا لەئاییندا سەربڵند و لەدوارۆژیشدا ڕووسپی دەبن. ئەم هەورە ڕەش و تاریك و لێڵانەی ترس، سەرشۆڕی، هەژاری، شکست و بەندەیی کە سێبەری کردووە بەسەرتانەوە، چەند ساڵێك درێژە ناکێشێت کە پەرش و بڵاو دەبن و نامێنن. بانگەوازی ڕاستەقینە و خوڕەوشتی پاك و جوانی ئێوە یەك لەدوای یەك دەست بەسەر دڵەکان و مێشکەکاندا دەگرێت. وردە وردە دنیا نرختان بۆ دادەنێت و ڕێزتان زیاد دەکات. جیهانیان ئومێدیان دەبێت بە دادگەری ئێوە، بڕوایان دەبێت بە سپاردەپارێزی و ئاییندارێتی ئێوە و پشتی پێ دەبەستن، وتەکانی ئێوە دەکرێت بە نموونە و وەك بەڵگە دەهێنرێتەوە و چاوەڕێی خەیر و چاکەتان لێ دەکرێت. بۆ سەرکردەکانی کوفریش لەبەرامبەر ئێوەدا هیچ نرخ و ڕێزێك نامێنێتەوە. تەواوی فەلسەفەکانی ڕامیاری و بیردۆزە ئابوورییەکانی ئەوان لەبەرامبەر ڕووڕاستی ئێوەدا، وەك بانگەشەی پڕ زرق و برق و ناواخن بۆش و درۆینە دەردەکەون. ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆکە لەبنکە سەربازییەکانی ئەواندا هەن، هێدی هێدی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەواندا دەپچڕێنن و بەرەو بنکە سەربازییەکانی ئیسلام دێن تا ئەو کاتەی سەرئەنجام ڕۆژێك دێت کە (کۆمۆنیزم) لەناو خودی (مۆسکۆ)دا بۆ ڕزگاربوونی خۆی تێدەکۆشێت و هەوڵی مانەوە دەدات و (دیموکراسی سەرمایەدارانە) لەناو خودی (واشینتۆن) و (نیویۆرك)دا بۆ پارێزگاری کردن لەخۆی جەستەی دەلەرزێت. (بێباوەڕی مادیگەرانە) لەزانکۆکانی خودی (لەندەن) و (پاریس)دا ناتوانێت شوێنپێیەك

بۆ خۆی بدۆزێتەوە و دەستەدامان دەبێت و (ڕەگەزپەرستی) و (فاشیزم) لەناو خودی (بەرهەمەنەکان) و (جێرمەنەکان)دا  هیچ لایەنگر و پەیڕەوێك نادۆزێتەوە و ئەم سەردەم و ڕۆژگارەی ئەمڕۆ  لەمێژوودا، تەنها وەك چیرۆکێك دەمێنێتەوە کە پەندی لێ وەردەگیرێت، دەوترێت کە پەیڕەوانی هێزێکی جیهانی و ڕزگارکەرێکی جیهانی وەك ئیسلام، هێندە نەزان بوون کە گۆچانی موسایان لەمشتدا بوو، بەڵام بەبینینی تەختە بەدەست و گوریس بەدەستەکان کەوتبوونە لەرزەوە. ئەم ئایندەیە سەردەمێك چاوەڕێی ئێوە دەکات کە بگۆڕێن بۆ پەیڕەوانێکی گوێڕایەڵ و گەواهیدەرانێکی ڕاستگۆ بۆ ئیسلام. بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەڵسوکەوتتان لەسەر ئەم ڕێڕەوە درێژەی کێشا و هەروەك ماری سەر گەنجینە لەسەر ڕێنموونی خودایی( هیدایة الله) دانیشتن، نە خۆتان سوودی لێ وەربگرن و نە ڕێگەش بدەن کەسانی تر سوودی لێ وەربگرن، ئەوا خۆتان بە موسڵمان ناو مەبەن و خۆتان بە نوێنەری ئیسلام مەناسێنن، بەڵام ئەگەر بە کۆی وتە(قول) و کردار(عمل)تان زیاتر نوێنەرایەتی نەفامی، کۆمپانیا، سەروەت و سامان و بێ سەروبەری ڕەوشتی بکەن و لەبەرژەوەندی ئەوانە گەواهی بدەن و، کتێبی خودا بخەنە تاقێکەوە و بۆ ڕێنموونی وەرگرتن بچن بۆلای هەر پێشەوایەکی کوفر و هەر سەرچاوەیەکی گومڕایی و، بانگەشەی بەندایەتی خودا بکەن و لەکردارتاندا خەریکی بەندایەتی کردنی هەموو شەیتان و سەرکەش(طاغوت)ێك بن و، دۆستایەتی و دوژمنایەتیتان بۆ ئارەزووەکان(نفس)تان بێت و لەهەردوو شێوەکەشدا بانگەشە بکەن کە دۆستایەتی و دوژمنایەتییەکەمان بۆ ئیسلامە، بەم شێوەیە هەم ژیانی خۆتان لەخێر و پیرۆزییەکانی ئیسلام بێبەش دەکەن و هەم لەجیاتی ئەوەی کە

جیهانیان بۆ ئیسلام کێش بکەن، بە پێچەوانەوە لەئیسلام دووریان دەخەنەوە و ڕاویان دەنێن، ئەوا لەم کاتەدا نە دنیای ئێوە دروست و ڕێك و پێك دەبێت و نە دواڕۆژتان. ئەنجامی ئەم کار و کردەوانە لەسوننەتی خوادا هەمان ئەو شتەیە کە دەیبینن و دوور نییە کە ئایندەتان خراپتر بێت لەئێستاتان. ئەگەر مۆر و نیشانەی ئیسلام لەخۆتان بکەنەوە و بە ئاشکرا کوفر هەڵبژێرن، ئەوا بەلایەنی کەمەوە پێدەچێت دنیاتان وەك دنیای ئەمریکا و ڕوسیا و بەریتانیای لێبێت، بەڵام لەڕووکاردا بە موسڵمان مانەوە و لەناخدا ناموسڵمان بوون و داخستنی ڕێگای ڕێنموونی(هیدایة) لەجیهانیان بە نوێنەرایەتی کردنێکی درۆینە بۆ خودا، تاوانێکە کە دنیاشتان تێکدەدات. ئەو سزایەی کە بۆ ئەم تاوانە دانراوە لەقورئاندا و سەرگوزەشتەی (یەهودیەکان)یش گەواهیدەرێکی زیندووە بۆ ئەوە، چ ((أهون البلتین ملّیَّت))[1] یَکی یەکگرتوو هەڵبژێرن یان نەتەوایەتی جیاوازی خۆتان بسەلمێنن و بە لایەنی بەرامبەری هەڵبگرن و ئەوشتەش بەدەست بهێنن کە نەتەوەگەرایی ئیسلامی بە شوێنیەوەیە، لەهەردوو شێوەکەدا ڕێگای هەڵهاتن بوونی نییە لەسزای ئەم تاوانە. تاکە ڕێگای ڕزگاربوون لەم سزایە و نەمانی ئەم سزایە، دەستهەڵگرتنە لەم تاوانە.

---

[1] ئاماژەیە بە دوو دیدگا لەنێوان بەرهەڵستکارانی ئیسلامدا کە هەندێکیان بڕوایان هەیە بە جیاوازی موسڵمانان لەڕووی جیایی نەتەوەییەوە و هەندێکیشیان بڕوایان وایە کە جیاواز نین و هەموویان یەکێکن.

# نصب العين

وەك زانیتان من بە کورتی بە ئێوەم وت کە ئێمە بۆ چ ئامانجێك هەستاووینەتە سەرپێ. ئێمە داوا لەتەواوی ئەوکەسانە دەکەین کە ئیسلام بەئایینی خۆیان دەزانن، کە ئیسلام بەمانای ڕاستەقینەی خۆی بکەن بە ئایینی خۆیان، ئەم ئایینە هەم لەژیانی تاکە کەسی و تایبەتی خۆیاندا، هەم لەژیانی گشتی و کۆمەڵایەتییاندا، هەم لەماڵ و بنەماڵەیاندا، هەم لەکۆمەڵگای خۆیاندا، هەم لەکڕین و فرۆشتن و کاروباری ئابوورییاندا، هەم لەئەنجومەن و بەڕێوەبەرایەتیەکانیاندا، هەم لەتەواوی ڕامیاریە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانیاندا، بەشێوەیەکی کرداری ئیسلام جێبەجێ بکەن و بە وتە(قول) و کردار(عمل)ی خۆیان لەبەرامبەر جیهانیاندا گەواهییەکی ڕاستگۆیانە بدەن لەسەر ئیسلام. هەروەها ئێمە بە موسڵمانان دەڵێین لەو ڕووانگەیەوەی کە وەك موسڵمانێك بەرپاکردنی ئایین و گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق) ئامانج و مەبەستی سەرەکی ئێوەیە، لەبەرئەوە پێویستە چەق و ناوەندی تەواوی کۆشش و کارەکانتان هەمان ئەم کارەبێت و بە تەواوەتی خۆتان بەدووربگرن لە هەر جۆرە وتە و کردارێك کە دژ و پێچەوانەبێت لەگەڵ ئەم ئامانجەدا و ببێتە هۆی نوێنەرایەتیکردنێکی نادروست بۆ ئیسلام. ئیسلام بخەینە بەرچاومان و سەرلەنوێ بچینەوە بە تەواوی وتە و کردارەکانی خۆمان لەدووتوێ ئاییندا. تەواوی هەوڵ و کۆششی خۆتان بۆ ئەم کارە بەکاربهێنن کە ئایین بە شێوەیەکی پڕاوپڕ و تەواوەتی لەکرداردا جێبەجێ ببێت، گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق) بەشێوەیەکی

ورد و دروست ئەنجامبدرێت و دنیا بە جۆرێك بەرەو ئایین بانگبکرێت کە بۆ هەمووان ببێت بە بیانووبڕێکی سەروزیاد.

ئەمەشە تاکە ئامانجی پێکهێنانی کۆمەڵی ئیسلامی. ئەو ڕەوشی کارکردنەی کە ئێمە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە هەڵمانبژاردووە ئەوەیە کە سەرەتا ئەرکی موسڵمانان دەهێنینەوە بیری موسڵمانان و بەتەواوی ڕوونی و ڕاشکاوییەوە پێیان دەڵێین کە ئیسلام چییە و چ داواکارییەکی هەیە و موسڵمان بوون چ مانایەکی هەیە و وەك موسڵمانێك چ ئەرك و بەرپرسیارێتییەکیان هەیە.

# کاری بەکۆمەڵ

لەبەرئەوە ئەو کەسانەی کە لەم بابەتە تێگەشتن و بڕوایان پێی پەیداکردووە، پێیان دەڵێین کە ناتوانرێت تەواوی داواکارییەکانی ئیسلام بەشێوەی تاکەکەسی و بەتەنهایی بەدیبهێنرێت و بەدیهێنانیان پێویستی بە هەوڵ و کۆشش و کاری بەکۆمەڵ هەیە. بەشێکی کەمی ئایین پەیوەندی بە ژیانی تاکە کەسییەوە هەیە کە ئەگەر هەر کار بەوە بکەن نەتەواوی ئایین بەرپا دەبێت و نەگەواهیدانی ڕاستەقینە (شهادة الحق)یش جێبەجێ دەکرێت، بەڵکو تەنانەت ئەگەر سیستمی کوفر دەسەڵاتدار بێت بەسەر ژیانی گشتی و کۆمەڵگەدا، لەهەمان بارودۆخدا ناتوانرێت لەژیانی تاکە کەسی و تایبەتیشدا ئایین بەشێوەیەکی پڕاوپڕ و تەواوەتی بەرپابکرێت و لەبەرامبەر کۆمەڵگەی

گشتیشدا کە لەسەر ئایین بێت ڕۆژبەڕۆژ سنوورەکانی ئیسلام گۆڕەپانی تاکەکەسی سنووردارتر دەکەن. لەبەرئەوە بۆ بەرپاکردنێکی تەواوەتی و پڕاوپڕی ئایین و بە دروستی جێبەجێکردنی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق)، هیچ چارەیەکی تر نییە جگە لەوەی کە تەواوی ئەو کەسانەی کە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانیان بۆ دەرکەوت وەك موسڵمانێك و دەیانەوێت کار بەم ئەرك و بەرپرسیارێتییانە بکەن، هەماهەنگ و یەکگرتوو و تەبابن و بەشێوازێکی ڕێکخراو بۆ هەستاندنەوەی ئایین و بانگەوازکردنی جیهانیان بۆ ئایین هەوڵ و کۆشش بکەن و ئەو ڕێگرییانەی کە دێنە سەر ڕێگای هەستاندنەوەی ئایین و بانگەوازی ڕاستەقینە، لەسەر ڕێگەکەیان لایان ببەن. هەر لەبەرئەمەیە کە کۆمەڵ(جماعة) لەئاییندا بە پێویست(لازم) دانراوە و شێوازی هەستاندنەوەی ئایین و بانگەوازی ڕاستەقینە بەم شێوەیە بڕیاری لێدراوە کە سەرەتا کۆمەڵێك بوونی هەبێت و لەپاش ئەوە لەپێناوی خوادا هەوڵ و کۆشش ئەنجام بدرێت. دیسانەوە هەر لەبەرئەمەیە کە ژیان بە بێ کۆمەڵ(جماعە) بە ژیانێکی نەفامی ناوبراوە و دەرچوون لە کۆمەڵەی هاوتا(جماعة المترادف) بە دەرچوون لە ئیسلام دانراوە.[1]

---

[1] ئاماژەیە بەو فەرموودەیەی کە تیایدا پێغەمبەرﷺ دەفەرموێت:

((أنا أمركم بخمس الله أمرني بهنَّ، الجماعة و السّمع و الطاعة و الهجرة و الجهاد في سبيل الله فإنّهُ من حرج من الجماعة قيد سبر فقد خلع ربقة الإسلام من عُنُقهِ إلاّ أن يراجع و من دعا بدعوى الجاهلية فهو من جثى جهنم. قالوا يا رسول اللهﷺ: و من صام و صلّى به؟! قال: و إن صلّى و صام و زعم أنّه مسلم)). واتە: ((من فەرمانتان پێدەکەم بە پێنج شت کە خودا فەرمانی کردووە پێم بەوانە، کۆمەڵ و گوێڕایەڵی و ملکەچی و کۆچ و خەباتکردن لەپێناوی خوادا، هەرکەسێك تەنانەت بە ئەندازەی یەك بست لەکۆمەڵ دووربکەوێتەوە،

ئەوا ملوانکەی ئیسلامی لەگەردنی خۆی لابردووە، مەگەر ئەوەی کە جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ، وە هەرکەسێك بانگەواز بکات بۆ نەفامی (دووبەرەکی و چەند دەستەیی)، ئەوە دۆزەخییە. هاوەڵان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوداﷺ: گەرچی نوێژبکات و ڕۆژووش بگرێت؟! فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر نوێژیش بکات و ڕۆژووش بگرێت و بانگەشەی موسڵمان بوونیش بکات)). (رواه: أحمد و حاكم).

لەم فەرموودەیەوە سێ شت بەدەست دێت:

١. شێواز و سیستمی دروستی کاری ئایین ئەوەیە کە سەرەتا کۆمەڵێك بوونی هەبێت و ڕێکخراوی و توندوتۆڵییەکی وای هەبێت کە تیایدا هەموان گوێ لەقسەی یەك کەس بگرن و گوێڕایەڵی بن. پاشان بە هەرجۆرێك پێویست بکات کۆچ و خەبات بکەن.

٢. دوورکەوتنەوە لەکۆمەڵ بەمانای دوورکەوتنەوە لەئیسلام و گەڕانەوە بۆ هەل و مەرجەکانی ژیانی عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی کە تیایدا هیچ کەسێك گوێی لەقسەی هیچ کەسێکی تر نەدەگرت.

٣. زۆرینەی داواکارییەکانی ئیسلام و ئامانجە بنچینەییەکانی تەنها بە کۆمەڵ و لەڕێگەی هەوڵ و کۆششی بەکۆمەڵەوە دەتوانرێت بەدیبهێنرێت، لەبەرئەوەیە کە پێغەمبەرﷺ ئەو کەسەی بە جیابووەوە لەئیسلام داناوە کە لەکۆمەڵ جیادەبێتەوە، هەرچەندە نوێژبکات و ڕۆژوو بگرێت و بانگەشەی موسڵمانبوونیش بکات. وە وتەکەی (ئیمامی عومەررضي الله عنه)یش ڕاڤەی ئەم بابەتەیە کە دەفەرموێت: ((لا إسلام إلاّ بالجماعه)) واتە: ((بەبێ کۆمەڵ، ئیسلام نییە)).

# بانگەوازی ئێمە

ئەوکەسانەی کە لەم بابەتە تێدەگەن و بڕوایشی پێدەکەن و ئەم تێگەیشتنە هەستی بەرپرسیارێتی ئەوان وەك موسڵمان هێندە بەرزدەکاتەوە کە ئامادە دەبن لەپێناوی ئایینەکەیاندا تاکڕەوی و خۆویستی خۆیان بەختبکەن و پابەندبوون بە ڕێکخستن و توندوتۆڵی کۆمەڵەوە پەسەند بکەن، بەوانە دەڵێین: ئێستا ئێوە سێ هەڵبژاردەتان لەبەردەمدایە و ئازادی تەواوەتیتان هەیە کە کام یەکێك لەوانە بە ویستی خۆتان کە بتانەوێت هەڵی بژێرن. ئەگەر دڵی ئێوە گەواهی بەوە دەدات کە ئەم کاری بانگەواز و بیروباوەڕ و (نصب العين) و سیستمی کۆمەڵ و شێوازی کارەی ئێمە ئیسلامی پوختە و ئێمە بۆ هەمان ئەوکارە هەستاوینەتە سەرپێ کە لەڕووانگەی قورئان و فەرموودەوە کاری سەرەکی و بنچینەیی نەتەوەی ئیسلامە، ئەوا لەگەڵ ئێمەدا دەستبەکار بن. ئەگەر لەبەر هەر هۆ و بەڵگەیەك بڕوایەکی ناوەکیتان پەیدا نەکرد بە شێوازی کاری ئێمە و، کۆمەڵێکی تریش لەگۆڕەپانەکەدا بوونی هەیە کە بە بۆچوونی ئێوە ئامانجی نصب العين و شێوازی کاری ئەوان ئیسلامی پوختە، ئەوا لەگەڵ ئەواندا دەستبەکار بن. خودی ئێمەش ئەگەر کۆمەڵێکی لەو شێوەیە ببینین، ئەوا لەگەڵیدا دەستبەکار دەبین، چونکە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بەوەوە نییە کە شوێنێکی جیاواز بۆخۆمان دروستبکەین. وە ئەگەر نە دڵنیاییتان پەیداکرد بە شێوازی کاری ئێمە و بە شێوازی کۆمەڵێکی تریش لەو کۆمەڵانەی تر کە هەن، ئەوا لەم کاتەدا خۆتان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی ئیسلامی خۆتان هەڵبسنەوە و بەپێی بنچینە

ئیسلامییەکان کۆمەڵێك پێکبهێنن کە ئامانج و مەبەستەکەی تەواو هەستانەوەی ئایین و جێبەجێکردنی گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق)بێت لەوتە(قول) و کردار(عمل)دا. لەم سێ هەڵبژاردەیە هەرکامێکیان هەڵبژێرن، إن شاءالله لەسەر ڕاستی(حق) دەبن. ئێمە هیچ کاتێك بانگەشەمان نەکردووە و مادام کە لەڕووی ژیری و دەروونیشەوە ساغ بین، ئەوا مافی ئەو بانگەشەیەمان نییە کە بڵێین تەنها کۆمەڵەکەی ئێمە لەسەر ڕاستی(حق)ە و هەرکەسێکیش کە لەگەڵ ئێمەدا نەبێت لەسەر ناڕەوایی و پوچی(باطل)ە. ئێمە هیچ کاتێك بانگەوازی خەڵکیمان نەکردووە بۆ کۆمەڵەکەی خۆمان، بەڵکو بانگەوازی ئێمە بۆ ئەرك و بەرپرسیارێتییەکە کە وەك موسڵمان بە یەکسانی لەسەر شانی ئێمە و ئێوەشە. ئەگەر ئێوە ئەم ئەرك و بەرپرسیارێتییە ئەنجام دەدەن، ئەوا لەسەر ڕاستی(حق)ن، چ لەگەڵ ئێمەدا بن یان نا. دەبێت ئەوە بزانن کە ئەم کارە بە هیچ شێوازێك دروست نییە کە ئێوە نە خۆتان هەستنەوە و نە یارمەتی کەسێکی هەستاوەش بدەن، بەڵکو بە بیانووی جیاواز شانتان شل بکەن لەئەرکی بەرپاکردن و هەستاندنەوەی ئایین و گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادة الحق) یان تواناییەکانی خۆتان لەکاری تردا بەکاربهێنن کە تیایاندا لەجیاتی سیستمی ئایین سیستمێکی تر بەرپادەکرێت و وتە(قول) و کردار(عمل)تان لەجیاتی ئەوەی گەواهی بۆ ئیسلام بدات، بۆ شتێکی تر گەواهی بدات. ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە دنیا و خەڵکەوە هەبووایە ئەوا ڕێی تێدەچوو کە بە فێڵ و تەڵەکە بتوانرێت بەرەو پێشەوە ببرێت، بەڵام لێرەدا بابەتەکە پەیوەندی بە خوداوە هەیە کە هیچ کاتێك بێئاگا نابێت لەڕازە شاراوەکانی ناو سنگەکان و بە هیچ فێڵ و تەڵەکەیەك فریوناخوات.

# پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێ

بەبێ گومان و دوودڵی پەیدابوونی کۆمەڵە جیاوازەکان بۆ یەك کار و بۆ یەك ئامانج، لەڕووکاردا واهەست دەکرێت کە نادروستە و ترسی دووبەرەکی لێدەکرێت، بەڵام لەو ڕووەوەی کە سیستمی ئیسلامی ئێستا دوچاری پەرش و بڵاوی بووە و ئەو بابەتەشی کە ڕووبەڕوومان بووەتەوە تەنها بەڕێوەبردنی ئەم سیستمە نییە، بەڵکو دووبارە پێکهێنانەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو سیستمەیە، ئەمەش شتێکی نەگونجاوە کە هەر لەسەرەتا و دەستپێکەوە کۆمەڵە(الجماعة)یەك بێتەبوون کە تەواوی نەتەوەی ئیسلامی لەخۆگرتبێت و پەیڕەوی کردن لێی لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویست بێت و بەجێمان لێی نەفامی بێت و جیابوونەوە لێی بە دووبەرەکی دابنرێت. لەبەرئەوە هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نییە جگە لەوەی کە لەسەرەتای کارەوە لەشوێنە جیاوازەکاندا چەند کۆمەڵێکی جیاواز بۆ ئەم کار و ئامانجە بێنە بوون و هەریەکەیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار بکەن. ئەگەر ئەم کۆمەڵە جیاوازانە پاك بن لەخۆویستی و خۆپەسەندی و (إفراط و تفريط) و بە گوێڕایەڵییەکی ئیسلامییانەوە تەنها بۆ ئامانجی سەرەکی و بنچینەیی ئیسلام کار و چالاکی بکەن، ئەوا سەرئەنجام دەبن بەیەك، چونکە ڕێبوارانی ڕێگای ڕاستی(حق) تا سەردەمێکی زۆر ناتوانن لەیەکتری جیابن. بەدڵنیاییەوە ڕاستی(حق) ئەوان دەهێنێتەوە بۆلای یەکتری، چونکە ڕەسەنایەتی و سروشتی خودی ڕاستی(حق)، شەیدای کۆمەڵ و کۆبوونەوە و یەکێتی و یەکبوونییە. دووبەرەکی تەنها لەکاتێکدا ڕوودەدات کە بڕێك لەناڕەوایەتی(باطل) لەگەڵ

ڕاستی(حق)دا تێکەڵ بووبێت، وە یان ئەوەی کە تەنها چینی ڕووکاری سەرەوە وەك ڕاستی(حق) پیشانبدرێت و لەچینی ژێرەوەدا ناڕەوا(باطل) کارا و چالاك بێت.

# شێوازی کاری ئێمە

ئێمە هیچ داواکارییەکمان نییە لەئەندامەکانی خۆمان جگە لەوەی کە ئیسلام لەهەر موسڵمانێکی داواکردووە. ئێمە نە بەئەندازەی گەردیلەیەك زیاد دەکەین بۆ داواکارییەکانی ئیسلام و نە هیچیشیان لێ کەم دەکەینەوە. ئێمە ئیسلام بە شێویەکی پڕاوپڕ و تەواوەتی و بەبێ کەم و زیاد دەخەینە بەردەست هەر ئەندامێکەوە و داوای لێدەکەین کە ئەم ئایینە بە ئاگایی و تێگەیشتن و بڕوای تەواوەتییەوە پەسەند بکات. بە وردی و ڕێك و پێکی داواکارییەکانی ئیسلام جێبەجێ بکات و هەرشتێك کە دژی گیانی ئیسلام(روح الإسلام) بێت بیانکاتە درەوە لەبیروبۆچوون و گوفتار و هەڵسوکەوتەکانی خۆی و بە هەموو ژیانی گەواهیدانی ئیسلام کردارەکی(عملي) بکات و، ماف بەئەندامبوون و مەرجەکانی بەئەندامبوونی ئێمە تەنها هەر ئەمەیە. پەیڕەو و بەرنامە و سیستمی کۆمەڵەکەی ئێمە و ئەو شتەی کە ئێمە بانگەشەی بۆ دەکەین، بۆ هەمووان ڕوونە و بە لێکۆڵینەوە لێی هەر کەسێك دەتوانێت ئەمە تێبگات کە ئێمە بۆ بنچینە سەرەکییەکانی ئیسلام (ئیسلامێك کە بەندە لەسەر قورئان و سوننەت) نە شتێکمان

زیادکردووە و نە شتێکیشمان لێ کەم کردووە. ئێمە هەمیشە ئەم ئامادەییەمان تێدایە کە ئەگەر کەسێك لەبارەی هەر شتێکەوە بۆی سەلماندین کە ئەو شتە زیادکردنە بۆ سەر فێرکارییەکانی قورئان و سوونەت، ئێمە خۆمان دووربخەینەوە لەوشتە و دەربارەی هەرشتێك کە بە ئێمە بلێت لەفێرکارییەکانی قورئان و سوننەتدا هەیە، بەڵام لەلای ئێوە نییە، ئێمە ئامادەین بێ دواکەوتن وەریبگرین، چونکە ئامانجی هەستان و دەستبەکاربوونی ئێمە، هەستاندنەوە و گەواهیدانی تەواوەتی و ڕێك و پێکە بۆ ئایین بەبێ زیاد و کەم. ئیتر چ کەسێك لەئێمە ستەمکارتر دەبێت، ئەگەر ئێمە لەم ئامانجەدا دووڕوویيمان بسەلمێنرێت.

هەروەها لەلای ئێمە بۆ ئەوکەسانەی کە دێنە ناو کۆمەڵەکەمانەوە تەنها یەك کار بوونی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە بە وتە(قول) و کردار(عمل)یان گەواهی بە ئیسلام بدەن و بۆ بەرپاکردنی تەواوەتی و ڕێك و پێکی ئایین بە شێوەیەکی بەکۆمەڵ هەوڵ و کۆشش بکەن، تا مافی گەواهیدان لەسەر خەڵکی(حق الشهادة على الناس) و بیانووبڕینی خەڵکی(إتمام الحجة) بەشێوەیەکی تەواوەتی و ڕێکوپێك جێبەجێ بکرێت. تا ئەم شوێنەی کە پەیوەستە بە گەواهیدانی وتەیی(شهادة القولي)ەوە، ئێمە ئەندامەکانی خۆمان بەو شێوەیە پەروەردە دەکەین کە هەریەکێك لەوان بتوانن بەپێی توانایی و ئامادەییان بۆ ئەنجامدانی گەواهیدانێکی باشتر بۆ ئیسلام بە زمان و پێنووسیان ئامادەیی پەیدابکەن. هەروەها هەوڵ و کۆششی ئێمە ئەوەیە کە ڕێکخراوانێك دروستبکەین کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و کرداری لەهەر ڕەهەندێك لەڕەهەندەکانی زانست و ئەدەب و هونەردا، ڕاستەقینەیی فێرکارییە ئیسلامییەکان لەبارەی هەموو بابەتەکانی ژیانەوە ڕوون بکەنەوە و

بۆ ئەم ئامانجەش سوود لەتەواوی پێداویستییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە وەربگرن. بەڵام لەبارەی گەواهیدانی کرداری(عملي)ەوە، هەوڵ و کۆششی ئێمە لەم بوارەدا ئەوەیە کە سەرەتا هەر ئەندامێك لەئەندامەکانی ئێمە گەواهێکی زیندووبێت بۆ ئیسلام و پاشان لەم تاکە کەسانە کۆمەڵگایەکی هێندە ڕێکخراو و هەماهەنگ و پێکەوە پەیوەست بێتەکایەوە کە بتوانرێت گیانی ڕاستەقینەی ئیسلام لەناویدا ببینرێت و لەئەنجامدا ئەم کۆمەڵگایە بە هەوڵ و کۆششی خۆی دەسەڵاتدارێتی سیستمی ناڕەوا(باطل) لەناوببات و سیستمی ڕاستی و ڕەوا(حق) بهێنێتەکایەوە کە نوێنەرایەتییەکی تەواوەتی و پڕاوپڕ بکات بۆ ئیسلام.

## تۆمەتێك

بەڕێزان، ئەمەیە تەنها ئامانج و بەرنامەی ئێمە. ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان نەدەکرد کە ئەم شتە لەلایەن هیچ موسڵمانێکەوە ڕەخنەی لێبگیرێت، بەڵام بەداخەوە هەر لەوڕۆژەوەی کە ئێمە پێمان نایە ئەم دۆڵەوە، لافاوێکی نەبڕاوە لەدژایەتی و ڕەخنە بەرەو ڕوومان بوویەوە. تەواوی ڕەخنەکان نە شایانی بایەخپێدانن و نە دەشتوانرێت لەیەك دانیشتندا باسی هەموویان بکرێت، بەڵام من لێرەدا تەنها دەربارەی چەند ڕەخنەیەك دەدوێم کە لەم شارەی ئێوەدا بۆ خراپ تێگەیاندن و خەڵك دوورخستنەوە سوودیان لێوەردەگیرێت.

دەوترێت کە ئەم کۆمەڵەیە(کۆمەڵەی ئیسلامی پاکستان) بناغەی بەرە(فرقة)یەکی نویێ لەئیسلامدا دادەنێت. ئەوکەسانەی کە ئەم وتەیە دەڵێن لەوانەیە نەزانن هۆکارە سەرەکییەکانی بەرەگەرایی چییە. ئەگەر تەواوی هۆکارەکانی بەرەگەرایی لەئاییندا بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و لەجێگای خۆیدا لێی وردببنەوە، ئەوا لەچوار ناونیشانی سەرەکی تێناپەڕن:

یەکەم: شتێك زیادبکرێت بۆ بنچینەی سەرەکی ئایین(أصل الدين) کە لەئاییندا نییە و پاشان ئەو شتە ببێت بە پێوەرێك بۆ پێوانی کوفر و ئیمان یان ڕێنمونی وەرگرتن و گومڕایی تاکەکانی خەڵك.

دووەم: گرنگی بدرێت بە بابەتێك لەبابەتە ئایینییەکان کە لەڕووی قورئان و سوننەتەوە گرنگی زۆری نییە و پاشان هەر ئەو بابەتە بکرێت بە پایەیەك بۆ پلەبەندی و ڕیزبەندی گرۆکان.

سێیەم: لەبارەی بابەتێکی (إجتهادي) و (إستنباطي)ەوە زیادەڕۆیی ڕووبدات و کەسانێك کە لەوبارەیەوە ڕێچکە و دیدگایەکی تریان هەیە کافر و فاسق و سووك بکرێن، وە یان بەلایەنی کەمەوە بە چاوێکی جیاوازەوە لێی بڕوانرێت.

چوارەم: لەبارەی کەسایەتییەکانەوە زیادەڕۆیی ڕووبدات و لەپاش پێغەمبەرﷺ بانگەشەی ئەوپلەوپایەیە بکرێت بۆ کەسێك و پەسەندکردن و پەسەندنەکردنی ئەوکەسە ببێت بە پێوەری ئیمان و کوفر یان ئەوەی کە کۆمەڵێك بانگەشەی ئەوە بکەن کە تەنها ئەو کەسانەی کە ئەمانیان پەسەندە لەسەر ڕاستین و تەواوی موسڵمانانی تر لەسەر ناڕەوا(باطل)ن.

ئێستا پرسیاری من ئەمەیە کە ئێمە لەبارەی کام یەکێك لەو چوار ناونیشانەی سەرەوە بەهەڵەدا ڕۆشتووین؟ ئەگەر کەسێك بە بەڵگە و ژیری و ڕوونی و ڕاشکاوانە بە ئێمە بڵێت کە ئێوە لەڕاستیدا لەفلان ناونیشاندا بە هەڵەدا ڕۆشتوون، ئەوا ئێمە دەستبەجێ (توبة) دەکەین و درەنگ ناکەین لەچاکسازیکردنی خۆماندا، چونکە ئێمە بۆ بەرپاکردن و هەستاندنەوەی ئایینی خودا هەستاوینەتە سەرپێ، نەك بۆ دروستکردنی دووبەرەکی. ئەگەر ئێمە هەڵەیەکی لەم جۆرەمان نەکردووە، دەی ئیتر چۆن لەوە دەترسن کە لەکارەکەی ئێمەوە بەرە(فرقة)یەکی نوێ پەیدا ببێت؟

ئێمە تەنها بنچینەسەرەکییەکانی ئیسلام و بەبێ زیاد و کەمیش تەواوی ئیسلاممان هەڵگرتووە و هەستاوینەتە سەرپێ و بانگەوازمان بۆ موسڵمانان شتێکی تر نییە جگە لەمەی کە بێین هەموومان پێکەوە ئایینی ئیسلام بەرپابکەین و لەبەرامبەر جیهانیاندا گەواهی بە ئایینەکەمان بدەین.

ئێمە هەموو ئاینمان کردووە بە بناغەی کۆبوونەوە، نەك یەکێك یان هەندێك لەبابەتەکانی ئایین. لەبابەتە (إجتهادي)ەکانی ئێمەدا هەموو ئەو ڕێچکە(مذهب) و ڕێڕەو(مسلك)انەی کە لەگەڵ بنەماکانی شەریعەتدا دەگونجێن، بە لەسەر ڕاستی(حق)یان دەزانین و مافی ئەوەش بە هەموو کەسێك دەدەین کە بڕوا و متمانەی بە هەریەکێك لەم ڕێچکە و ڕێڕەوانە هەبێت و تا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بەوەوە کاری پێبکات و، ئێمە بەرە جیاکردنەوە و سنوور جیاکردنەوە بەهۆی ڕێڕەوێکی (إجتهادی)ەوە بە ڕێگەپێدراو(جائز) دانانێین.

لەبارەی کۆمەڵەکەی خۆیشمانەوە، ئێمە تووشی هیچ زیادەڕۆییەك نەبووین، ئێمە هیچ کاتێك نەمان وتووە کە ڕاستی تەنها لەناو کۆمەڵەکەی

ئێمەدایە و تایبەتە بە کۆمەڵەکەی ئێمەوە. ئێمە هەستمان بە ئەرك کردووە و هەستاوینەتە سەرپێ، ئەرکی ئێوەش دەهێنینەوە بیرتان. ئێستا ئەگەر ئارەزوو دەکەن هەستنە سەرپێ و هاوکاری ئێمە بکەن یان ئەوەی کە بە جیا هەستنە سەرپێ و بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاربکەن، وە یان ئەوەی کە لەگەڵ هەر کەسێکی تردا ببنە هاوڕێ کە بە بۆچوون و بڕوای ئێوە خەریکی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەیە.

لەبارەی (إمارة)یشەوە، ئێمە تووشی هیچ زیادەڕۆییەك نەبووین. هەستانەوەی ئێمە لەسەر بنچینەی کەسایەتیەك پێکنەهێنراوە کە بانگەشەی پلەوپایەی تایبەتی بۆ بکرێت و هەوڵی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی کەرامەت و ئیلهامی بۆ بدرێت و بنچینەی کۆمەڵەکە لەسەر لایەنگری بۆ ئەو بنیادنرابێت و خەڵکی بۆلای ئەو بانگبکرێن. بزوتنەوەکەی ئێمە بە تەواوی پاك و بەدوورە لە (إدعا و رؤیا و کشف و کرامات) و پیرۆزکردنی کەسەکان. لێرەدا بانگەواز بۆلای یەك کەسایەتی یان چەند کەسایەتییەك نییە، بەڵکو بۆلای ئامانجێکە کە بەپێی قورئان ئامانجی ژیانی هەموو موسڵمانێکە و بۆلای بنچینەیەکە کە بەکۆی گشتی ئەوبنچینەیە دەوترێت (ئیسلام). ئەو کەسانەی کە بیانەوێت بەپێی ئەم بنچینە و بۆ ئەم ئامانجە هاوکاری ئێمە بکەن، ئەوا بە شێوەیەکی یەکسان و بەرامبەر، ئەندامێتی کۆمەڵەکەی ئێمە بەدەست دەهێنن. ئەم ئەندامە کەسێك وەك پێشەوا(أمیر) هەڵدەبژێرێت، نەك لەسەر ئەو بنچینەیەی کە پێشەوایەتی(إمارة) مافێکی خودی ئەوە، بەڵکو لەسەر ئەو بنچینەیەی کە بۆ کارێکی ڕێکوپێك و ڕێکخراو هیچ چارەیەکی تر نییە جگە لەوەی کە پێشەوا(أمیر) و پێشڕەوێك هەبێت. دەتوانرێت ئەم پێشەوایە لاببرێت و لەجێگەی ئەودا کەسێکی تر لەئەندامەکانی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرێت. ئەم

پێشەوایە تەنها پێشەوای کۆمەڵەکەیە نەك پێشەوای هەموو نەتەوە، وە گوێڕایەڵیکردنی ئەو تەنها لەسەر ئەندامانی کۆمەڵەکە پێویستە و لەمێشکی ئێمەدا تەنانەت ئەم بۆچوون و باوەڕە بوونی نییە کە ((هەرکەسێك پەیمان(بیعة)ی ئەم پێشەوایەی لەگەردندا نەبێت، ئەوا بە نەفامی(جاهلية) دەمرێت)).

ئێستا سوێندتان دەدەم بە خودا کە ئێوە بە من بڵێن کاتێك ئێمە بەم شێوەیە کاردەکەین، لەم بزوتنەوەیەی ئێمەوە چۆن چۆنی بەرە(فرقة)یەکی نوێ لەناو نەتەوەدا دروستدەبێت؟ سەر سووڕهێنەرتر ئەوەیە کە ئەوکەسانەی کە دامانی خۆیان ئالودەیە بەم هەڵانە و فیتنەی بەرەگەرایی لای ئەوانەوە ئاودەخواتەوە و زمانیان تەڕە بە باسی (رؤیا و کشف و کرامات) و تەواوی کاریان بەدەوری تەوەرەی ویستی کەسێکدا دەسووڕێتەوە، ئەوکەسانەی کە بانگەشەی پلەوپایەی تایبەتی بۆ هەندێك کەس دەکەن، ئەوکەسانەی کە بازاڕی قسەوباسکردن لەبارەی بابەتە لاوەکییەکانەوە لەلایان گەرمە و ئەوکەسانەی کە لەلای ئەوانەوە بەهۆی بابەتە (إجتهادي)ەکانەوە بەرەگەرایی و سنوور جیاکردنەوە ڕوودەدات، بەهۆی ئەم تۆمەتانەوە کە داویانەتە پاڵمان، ڕێگەشیان لەکەسانی تر گرتووە. ئەگەر دڵگران نابن کە بە ڕاشکاوانە بڵێم کە ئەو کەم و کورتیە ڕاستەقینەیەی ئێمە کە بووەتە هۆی بێزاربوونی ئەم بەڕێزانە ئەوشتە نییە کە لەسەر زمانیان باسی دەکەن، بەڵکو کەم و کوڕی ڕاستەقینەی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە خەڵکی بانگ دەکەین بۆ بنچینەی سەرەکی ئایین و ئەم شتەش بە پێچەوانەی ئارەزووی دەروونی ئەوانەوەیە و هەروەها ئێمەش بۆ ئەم کارە هەمان ئەو شێوازەمان هەڵبژاردووە کە شێوازی دروستی کارکردنە

بۆ ئایین و ئەم شتەش بووەتە هۆی خراپ بوونی شێوازە نادروستەکەی ئەوان و دەشبێت.

پێمان دەورترێت ئەگەر ئێوە بۆ ئایین کاردەکەن، هیچ کێشە و ڕێگرییەکمان نییە، بەڵام بۆچی ئێوە بۆ ئەم کارە کۆمەڵێکی جیا و سەربەخۆتان دروستکردووە، ئەم کارە دەبێتە هۆی دووبەرەکی لەناو نەتەوەدا. لەڕاستیدا ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەیەکی زۆر سەر سووڕهێنەرە. من سەرسام دەبم بەوەی کە دەبینم کاتێك گرۆ و دەستە سیکۆلارییەکان یان دژەئایینییەکان و ئەو ئەنجومەن و ڕێکخراوانەی کە ئامانجی سەرەکییان نائیسلامیکردنی پەروەردە و فێرکردن و زانستە یان ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و دامەزراوانەی کە کاریان هەڵگیرساندنی ئاگری فیتنگەرایی و بەرەگەرایی ئایینییە یان ئەو ڕێکخراو و دامەزراو و گرۆیانەی کە ئامانجی لەسەداسەدی دنیاییان هەیە و بەپێی بنچینە و بەرنامەی لیبڕاڵ دیموکراسی یان فاشیستی ڕۆژئاوایی بە ناو و ناونیشانی جۆراوجۆر و سەربەخۆ و جیاوە لەناو موسڵماناندا پێیان خستووەتە ناو گۆڕەپانەکەوە، زۆر بە خوێنساردی و بەشێوەیەکی ئاسایی پشتیوانی دەکرێن، بەڵام کاتێك کۆمەڵە و گرۆیەك بەپێی بنچینە پوخت و سەرەکییەکانی ئیسلام و بۆ ئەوشتەی کە بنچینەی کاری ئایینە پەیدادەبێت، لەناکاودا زەنگی ترسناکی دووبەرەکی لەناو وڵاتدا پەیدادەبێت و هەر بە تەنها ئەم کۆمەڵەیە دەخرێتە ژێر ڕەخنەوە و بە ناپەسەند دادەنرێت و پشتیوانی لێ ناکرێت. ئەم هەڵسوکەوتەی دژایەتیکاران و ڕەخنەگران ئەم گومانە دروستدەکات ئەوشتەی کە ئەوانی ئازارداوە لەبنچینەدا کۆمەڵە دروستکردن و گرۆدروستکردن نییە، بەڵکو پەیدابوونی گرۆ و کۆمەڵەیەکە بۆ ئەنجامدانی ئەوئەرکەی کە کاری سەرەکی ئایینە.

من با بە کورتی و بە پوختی بەم بەڕێزانە بڵێم کە ئێمە لەناچاریدا وەك ئەوان دەڵێن تووشی ئەم هەڵە و کەم و کوڕییەی کۆمەڵ دروستکردن و گرۆدروستکردنە بووین، نەك لەڕووی ئارەزووەوە. هەمووان دەزانن کە من بەر لەپێکهێنان و دروستکردنی ئەم کۆمەڵەیە ساڵەها بە تەنهایی هاوارم کرد کە ئەی موسڵمانان ئاخر ئەوە ئێوە لە چ ڕێگەیەکدا توانایی و هەوڵ و کۆششەکانی خۆتان بەکاردەبەن! کاری سەرەکی و بنچینەیی ئێوە ئەمەیانە و ئێوە دەبێت تەواوی توانا و هەوڵ و کۆششەکانتان لەمەیاندا چڕبکەنەوە. ئەگەر تەواوی موسڵمانان ئەم بانگەوازەیان پەسەند دەکرد و، لەجیاتی دروستبوون و پەیدابوونی یەك کۆمەڵە لەناو موسڵماناندا تەواوی موسڵمانان دەگۆڕان بۆ یەك کۆمەڵ کە بەلایەنی کەمەوە لەناو موسڵمانانی هندستاندا کۆمەڵەیەك پەیدابببوایە کە بە بوونی ئەوکۆمەڵە، پێکهێنانی گرۆ و کۆمەڵەی تر لەڕووی شەرعییەوە حەرام ببوایە، ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستای لێ نەدەهات و لەناو گرۆ و کۆمەڵەکانی موسڵماناندا کۆمەڵە و گرۆیەك ئەم بانگەوازەی پەسەند دەکرد و ئەوەی دەکرد بە بناغەی کاری خۆی، ئەوا دیسانەوە ئێمە ڕازی دەبووین و بەتەواوی ئارەزووەوە دەبووین بە هاوڕێیان، بەڵام کاتێك هێندە هاوارمانکرد و ماندوو بووین و گوێی هیچ کەسێك هاوارەکانی ئێمەی تێنەچوو، ئێمە بە ناچاری بڕیارماندا کە تەواوی ئەوکەسانەی کە بڕوایان بە ڕەوایەتی و پێویستبوونی ئەم کارە پەیداکردووە خۆیان دەستبەکار بن و لەدەوری یەکتری کۆببنەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە و دەست بکەن بە هەوڵ و کۆششی بەکۆمەڵ.

ئێستا پرسیاری ئێمە ئەمەیە کە ئەگەر ئێمە ئەم کارەمان نەکردایە، چ ڕێگەیەکی تر لەبەردەم ئێمەدا بوو؟ ئەگەر نکوڵی لەپێویستبوونی ئەم کارە

دەکەن، فەرموون بەڵگەی نکوڵییەکەتانمان پیٚ بڵێن. ئەگەر نکوڵی لەپێویستبوونیشی ناکەن، بفەرموون کە پێمان بڵێن ئایا هەر بەڕاست ئەنجومەن و کۆمەڵە جیاوازەکانی ئێوە ئەم ئەرکە و ئەم پێویستییە ئەنجام دەدەن؟ وە ئەگەر دانی پێدادەنێن کە ئەنجامی نادەن، دەی ئایا کارەکەی ئێوە گەشتووەتە شوێنێك کە ئەگەر لەنێوان ئێوەدا کەسێك هەست بە ئەرك و بەرپرسیارێتی بکات و بۆ جێبەجێکردنی ئەوئەرکە هەستێتەسەرپیٚ لەجیاتی کەسانی تر، کەچی بەپێچەوانەوە ئەوکەسە بدرێتە بەر ڕەخنە و بە کەم و کوڕ بناسێنرێت؟

# ڕەخنە لەواژەی پێشەوا (أمیر)

یەکێکی تر لەو ڕەخنانەی کە لەئێمەی دەگرن ئەمەیە کە دەڵێن بۆچی بۆ گەورەی کۆمەڵەکەتان واژەی پێشەوا(أمیر) بەکاردەهێنن؟ (أمیر) یان (إمام) تەنها ئەوکەسەیە کە دەتوانێت خاوەنی هەڵبژاردە(إختیار) و شمشێر(سیف) بێت. لەپشتیوانیکردنی ئەم وتەیەشیاندا چەن فەرموودەیەك دەهێننەوە کە دەتوانرێت بەو جۆرە لێیان تێبگەین کە مەبەست لە پێشەوایەتیکردن(الإمامة) تیایاندا بریتییە لەپێشەوایەتیکردنی زانست یان پێشەوایەتیکردنی نوێژ یان پێشەوایەتیکردنی خەباتکردنە لەپێناوی خوادا(جهاد في سبیل الله). سەرەڕای ئەم سیٚ جۆرەی پێشەوا (إمام)، جۆری تری پێشەوایەتیمان نییە. ئەوکەسانەی کە ئەم ڕەخنانە دەگرن تەنها

ئاگایان لەو فیقهـ و فەرموودە و ڕیوایەتانە هەیە کە لەسەردەمێکدا سیستمی ئیسلامی حوکمی ڕامیاری لەژێردەستدا بووە و پێشەوای خاوەن شمشێر دروستبووە، بەڵام هیچ ئاگایەکیان لەحوکمی سەردەمێك نییە کە تیایدا شمشێر لەدەستی موسڵمانان وەربگیرێتەوە و موسڵمانان لەهەڵبژاردە(إختیار) و توانای ڕامیاری بێبەش بن و سیستمی ئیسلامی پێشێل بکرێت؟ من لەم بەڕێزانە دەپرسم کە موسڵمانان لەبارودۆخێکی لەم شێوەیەدا دەبێت چ کارێك بکەن؟ ئایا دەبێت هەر موسڵمانێك لەشوێنی خۆیەوە بەتەنهایی بپاڕێتەوە کە خودا لەپەنهان(غیب)ەوە پێشەوایەك(إمام)ێکی خاوەن شمشێر(سیف) و بەتوانا و خاوەن هەڵبژاردە(إختیار) بنێرێت یان دەبێت بۆ دروستبوونی پێشەوایەتیکردن(إمامة)ێکی لەم شێوەیە هەوڵ و کۆششی بەکۆمەڵ ئەنجامبدرێت؟ ئەگەر دەڵێن نەخێر، دەبێت بۆ ئەم کارە هەوڵ و کۆششی بەکۆمەڵ ئەنجامبدرێت، فەرموون بە ئێمە بڵێن کە ئایا بەبێ پێکهێنانی کۆمەڵ و کۆمەڵەیەك دەتوانرێت کاری بەکۆمەڵ ئەنجامبدرێت؟ ئەگەر ئەوە پەسەند دەکەن کە هیچ چارەیەکی تر بوونی نییە جگە لەدروستکردنی کۆمەڵەیەك، ئەوا پرسیاری من لەوان ئەمەیە ئایا کۆمەڵە و ڕێکخراوێك بەبێ ڕێنیشاندەر و ڕابەر و خاوەن فەرمان، دەتوانێت بوونی هەبێت و درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات؟ ئەگەر پێویستبوونی ئەم کارەش پەسەند دەکەن، ئەوا بفەرموون پێمان بڵێن کە ئەگەر کۆمەڵەیەك بۆ ئەم ئامانجە ئیسلامییە بێتەبوون، بۆ پێشڕەو و سەرکردەکەی لەئیسلامدا چ واژەیەك بوونی هەیە؟ هەر واژەیەك کە ئەوان بیڵێن ئێمە پەسەندی دەکەین، بە مەرجێك کە ئەم واژەیە واژەیەکی ئیسلامی بێت. یان ئەوەتا کە بە ڕاشکاوانە بڵێن کە

لەئیسلامدا یاسا و دەستوراتی دوای بەدەستهێنانی شمشێر(سیف) و هێز بوونی هەیە، بەڵام لەبارەی ئەوەوە کە لەسەردەمی بێ شمشێر(سیف)ی و بێ دەسەڵاتیدا دەبێت چۆن بەدەستبهێنرێت، هیچ جۆرە فەرمانێکی کارکردن بوونی نییە و هەرکەسێکیش کە دەیەوێت ئەم کارە ئەنجام بدات، پێویستە بە سوودوەرگرتن لەشێوازە نائیسلامییەکان و واژە نائیسلامییەکان ئەم کارە ئەنجامبدات. ئەگەر مەبەستی ئەم بەڕێزانە ئەمە نییە، دەی با ئەم مەتەڵەمان بۆ لێکبدەنەوە کە بۆچی ئەگەر سوود لەواژەکانی سەرۆك و لیدەر و ڕابەر و ... هتد وەربگیرێت هیچ کەسێك دڵگران نابێت، بەڵام تەنها بە بیستنی واژەی ئیسلامی پێشەوا(أمیر)، هەمووان پەرێشان و دڵگران دەبن. لەبنچینەدا ئەو کێشەیەی کە لەتێگەشتنی ئەم بابەتەدا بۆ خەڵکی دێتە پێشەوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە واژەکانی (إمام و أمیر) لەسەردەمی پێغەمبەرﷺدا کاتێك سوودیان لێوەرگیرا و بەکارهێنران کە دەوڵەتی ئیسلامی دروستبوو بوو و شێوازی خۆی وەرگرتبوو و بەر لەپێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی، پێغەمبەرﷺ خودی کەسایەتی خۆی پێشەوایەتی هەوڵ و کۆششەکانی هەستاندنەوە و بەرپاکردنی ئایینی دەکرد. لەبەرئەوە هیچ جێگەیەك بۆ واژەکانی (إمام و أمیر) بوونی نەبوو، بەڵام بە سەیرکردنی هەموو سیستمی ئیسلامی ئەم کارە بە باشی ڕوون دەبێتەوە کە ئایینی ئیسلام لەتەواوی کارە بەکۆمەڵەکانی موسڵمانانداا ڕێکخستن و ڕێك و پێکی دەوێت و ڕێگای کارکردنی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێکخستنەش ئەمەیە کە موسڵمانان کارە بەکۆمەڵەکانیان بە پێکهێنانی کۆمەڵ و کۆمەڵەیەك ببەن بەڕێوە و بە ئەنجامی بگەیەنن، وە لەکۆمەڵەکەشدا گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری بوونی

هەبێت و یەك کەس پێشەوا(أمیر)ی ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵەیە بێت. ئەگەر دەیانەوێت نوێژ بکەن، ئەم کارە بە شێوەی بەکۆمەڵ ئەنجامبدەن و کۆمەڵیش دەبێت یەك پێشەوا(أمیر)ی هەبێت. ئەگەر دەیانەوێت حەج ئەنجامبدەن، بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێك و پێك ئەنجامی بدەن و بۆ ئەنجامدانیشی دەبێت پێشەوایەکی حەج(أمیر الحج) بوونی هەبێت. تەنانەت ئەگەر دەچن بۆ گەشت، ئەم کارە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێك و پێك ئەنجامبدەن و لەناو خۆیاندا کەسێك وەك پێشەوا(أمیر) هەڵبژێرن.

پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت:

((إذا خرج ثلاثة في سفر فليؤمِّروا عليهم أحداً))[1].(رواه: أبوداوود)

واتە: ((ئەگەر سێ کەس بۆ گەشت چوونە دەرەوە، با یەك کەس وەك پێشەوا(أمیر) هەڵبژێرن)).

هەروەها (ئیمامی عومەرؓ) بەم شێوەیە گیانی شەریعەتی ئیسلامی دەخاتەڕوو:

((لاإسلام! إلاّ بجماعة و لاجماعة إلاّ بإمارة و لاإمارة إلاّ بطاعة))[2].

---

[1] لەڕیوایەتێکدا لە(موسنەدی ئەحمەد)دا لە(عبدالله بن عمر)ەوە گوازراوەتەوە کە لەوێدا بەم جۆرە هاتووە: ((لايحل لثلاثة يكونوا بفلاة من الأرض إلا امروا عليهم احدهم)). واتە: ((حەڵاڵ نییە کە سێ کەس لەبیاباندابن و کەسێك لەنێوان خۆیاندا نەکەن بە پێشەوا)). لەم ڕیوایەتەوە ڕوون دەبێتەوە کە نەك تەنها لەگەشتدا، بەڵکو لەهەر بارودۆخێکدا پێویستە کە موسڵمانان ژیانێکی ڕێکخراو و ڕێك و پێکیان هەبێت و هیچ کارێك لەکارە بەکۆمەڵەکانیان بەبێ کۆمەڵە و پێشەوایەتی نابێت ئەنجامبدرێت.

[2] جامع بيان العلم، بني عبدالبر.

واتە: ((بەبێ کۆمەڵە، ئیسلام بوونی نابێت، وە بەبێ پێشەوایەتیکردن(إمارە) کۆمەڵە بوونی نابێت و پێشەوایەتیکردن(إمارە)یش بوونی نابێت بەبێ فەرمانبەرداری)).

لەبەرئەمە هەڵگۆزین و تێگەشتنی ئێمە ئەمەیە کە ئەگەر کۆمەڵەیەك بۆ هەوڵدان بۆ هەستاندنەوە و بەرپاکردنی ئایین و گەواهیدانی ڕاستەقینە(شهادە الحق) دروست ببێت، ئەوا سوودوەرگرتن لەواژەی (إمام) یان (أمیر) بۆ ڕابەرایەتی کردنی ئەوکۆمەڵەیە بە تەواوەتی دروستە، بەڵام لەوڕووەوە کە واژەی (إمام) مانایەکی تایبەتی وەرگرتووە، لەبەرئەوە ئێمە بۆ خۆ دوورخستنەوە لەفیتنە لەجیاتی واژەی (إمام)، سودمان لەحوکمی (أمیر) وەرگرتووە.

# ڕەخنەیەکی پێکەنیناوی و وەڵامەکەی

ڕەخنەیەکی سەر سووڕهێنەر و نامۆ بیستراوە و ئەویش ئەوەیە کە ئەوکەسەی کە وەك ڕابەری ئەم کۆمەڵەیە هەڵبژێردرێت، مافی کۆکردنەوەی زەکاتی نییە، چونکە مافی کۆکردنەوەی زەکات تەنها پێشەوا(أمیر)ی دەوڵەتی ئیسلامی هەیەتی و بەس. وادیارە کە ئەم ڕەخنەگرانە شێوازی ئێمە نازانن لەکۆکردنەوە و گەیاندنی زەکاتدا. ئێمە داوامان لەموسڵمانان نەکردووە کە زەکاتی سامانەکەی خۆیان ببەخشن بە (بیت المال)ی ئێمە و

ئەوەشمان نەوتووە کە هەر موسڵمانێك زەکاتەکەی نەگەیەنێتە (بیت المال)ی ئێمە ئەوا زەکاتەکەی پەسەند نابێت، ئێمە تەنها داوامان لەئەندامانی کۆمەڵەکەی خۆمان کردووە کە زەکاتی سامانەکەیان بگەیەننە (بیت المال)ی کۆمەڵەکە و گرنگترین ئامانجی ئێمەش لەم کارەدا ئەوەیە کە موسڵمانان خووبگرن بە کۆکردنەوە و بەخشینی بەکۆمەڵەوە، هەر بەو شێوەیەی کە داواکاری شەریعەتی ئیسلامییە. بفەرموون پێمان بڵێن کە لەم کارانەدا چ ناشرینییەکی شەرعی بوونی هەیە و ئەم کارە لەگەڵ کام شەرعەدا پێچەوانەیە؟ ئەگەر ئێمە دەتوانین و مافی ئەوەمان هەیە کە بە خەڵکی بڵێین بە شێوەیەکی جیا جیا لەماڵەکانتاندا نوێژ مەکەن، بەڵکو وەرن بۆ مزگەوت و بەکۆمەڵ ئەنجامی بدەن، ئەی بۆچی نابێت ئەو مافەمان هەبێت کە داوا لەخەڵکی بکەین لەجیاتی ئەوەی کە بەشێوەیەکی تاکەکەسی زەکات بدەن، بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ ئەنجامی بدەن؟ ئەمە چەندە سەر سووڕهێنەرە! کە ئەگەر یارمەتی کۆبکرێتەوە ئەوە کارێکی دروستە، ئەگەر باجی مانگانە یان مافی ئەندامبوون وەربیگرێت کارێکی دروستە، بەڵام ئەگەر داوا لەخەڵکی بکرێت کە ئەرکێك کە خودا و پێغەمبەرەکەی بڕیاریان لەسەرداوە جێبەجێی بکەن، ئەوە کارێکی نادروستە؟

یەکێکی تر لەو ڕەخنە سەر سووڕهێنەر و نامۆیانەی کە بیسراوە، ئەوەیە کە ئێوە بۆچی (بیت المال)تان دروستکردووە؟ بەبیستنی ئەم جۆرە ڕەخنانە وادیارە کە ئەم بەڕێزانە دوژمنایەتیان هەبێت لەگەڵ واژە ئیسلامییەکاندا. دیارە کە هەر کۆمەڵ و هەر ئەنجومەنێك بەدڵنیاییەوە خەزێنەیەکی هەیە کە تیایدا سامان کۆدەکاتەوە و پاشان لەکارە بەکۆمەڵەکاندا بەکاری دەهێنێت. کۆمەڵەکەی ئێمەش یەك خەزێنەی هەیە و

ناومان لێناوە (بيت المال)، چونکە ئەمە واژەیەکی ئیسلامییە. ئەگەر ئێمە ئەم (بيت المال)ەمان ناونا (خەزێنە) یان (Treasury) ئەم بەڕێزانە ڕەخنە ناگرن، بەڵام ئێستا کە سوودمان لەواژەیەکی ئیسلامی وەرگرتووە دڵتەنگ و ناڕازین.

زۆرینەی ئەم ڕەخنانە هێندە بێ بایەخ بوون کە من نەمویست بە باسکردنیان و پاشان وەڵامدانەوەیان کاتی ئامادەبووان بەفیڕۆبدەم، بەڵام ئەم چەند ڕەخنەیە وەك نمونەیەك تەنها لەبەر ئەوە باسم کردن کە بزانن کە کەسانێك کە نە ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن و نە ڕێگەش بە کەسانی تر دەدەن ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن، دەگەڕێن و ئەملا و ئەولا دەکەن تا چ جۆرە ڕەخنەیەك بدۆزنەوە و بیخەنەڕوو و وەك چۆن خۆیان هەنگاو نانێن بەرەو ڕێگای خودا، ئاواش دەبنە بەربەست لەبەردەم کەسانی تردا. شێوازی ئێمە شێوازی مشت و مڕ نییە. ئەگەر کەسێك بیەوێت بەشێوەیەکی ژیرییانە(منطقي) گوێ لەقسەکانی ئێمە بگرێت و لێیان تێبگات، ئەوا ئێمە هەموو کاتێك ئامادەین کە قسەکانی خۆمانی پێبگەیەنین و تێیبگەیەنین، وە هەروەها ئەگەر کەسێکیش بیەوێت بەشێوەیەکی ژیرییانە(منطقي) هەڵەی خۆمانمان تێبگەیەنێت، ئەوا بۆ ئەم کارەش ئامادەین، بەڵام ئەگەر ئامانجی کەسێك بردنەوە و تێکشکاندن بێت، ئەوا ئێمە ئارەزوو ناکەین کە لەگەڵ ئەودا بچینە ناو گفتوگۆوە و لەگەڵ ئەودا تێکەڵ ببین. ئەو دەتوانێت تا هەرکاتێك کە ئارەزوو دەکات درێژە بدات بەم کارەی خۆی.

(١٩٤٦/١٢/٣٠ زاینی)

# پێڕستی بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕی کوردی ............................ | ٥ |
| پێشەکی منصور سوبحانی............................ | ٧ |
| هۆکـــــاری بـــــالاّ و هــــــەبوونی نەتــــــەوەی ئیسلامی............................................ | ٩ |
| شەهادەتی حەق............................................ | ١٣ |
| شـێوازی جێبـەجێکردنی گەواهیـدانی ڕاسـتەقینە(شـهادة الحق).............................................. | ١٧ |
| گەواهیدانی وتەیی(قولي)............................ | ٢١ |
| گەواهیدانی کرداری(عملي)............................ | ٢٣ |
| گەواهیدانی هەڵبەستراو(شهادة الزور)...................... | ٢٨ |
| ئەرکی سەرشانی ئێمە...................................... | ٣١ |
| بابەتی سەرکی ئێمە........................................ | ٣٣ |
| نصب العين.................................................. | ٣٧ |
| کاری بەکۆمەڵ.............................................. | ٣٨ |
| بانگەوازی ئێمە............................................. | ٤١ |
| پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوی............................... | ٤٣ |
| شێوازی کاری ئێمە......................................... | ٤٤ |
| تۆمەتێك..................................................... | ٤٦ |

ڕەخنە لەواژەی پێشەوا (أمیر)........................... ٥٣
ڕەخنەیەکی پێکەنیناوی و وەڵامەکەی................... ٥٧
پێڕستی بابەتەکان................................... ٦٠